بسم الله الرحمن الرحیم

## پێرستی بابەتەکانی ژمارە ( ١٣ ) :


| لاپەڕە | بابەت | ئامادەکار |
| --- | --- | --- |
| ٢ | عەقڵ شوێنکەوتەی شەرعە نەك دادوەر بەسەریەوە !!! | سەرنووسەر |
| ٣ | خۆشۆردن لە لەشگرانی ( الجنابة ) | هوشمند أمین |
| ٤ | کێ شایستەی ئەوەیە کە ئینسان لێی بپاڕیتەوە و ... ؟ | د .کاوە ئەکرەم سەنگاوی |
| ٥ | ووتەی جوان | کێوان محمود |
| ٦ | چی تۆی بوغرا کردووە بەرامبەر بە خوا ؟ | صباح نجیب |
| ٧ | بۆ ئەو ئافرەتانەی دادپەروەرن لەویژدانیاندا | پارێزەر . أحمد محمد |
| ٨ | بۆ تۆبەکاران ( شیعر ) | شادیە أحمد صاڵح |
| ٩ | پاڵنەرەکانی ڕۆژهەڵاتناسی ( بەشی چوارەم ) | م . علی خان محمد |
| ١١ | لە زاراوە هەڵەکانی ناو کۆمەڵگاکەمان | هاوسەر مصطفی |
| ١٣ | حوکمی وێنەگرتن لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا | یاسین حاجی طە |
| ١٣ | هەڵبژاردنی هاورێی خراپ خیانەتە لەگەڵ ماڵەوەتان | نیان محمد |
| ١٤ | قەزاکردنەوەی نوێژ | هۆشیار جمیل هەرکی |
| ١٥ | خۆ بەگەورە زانین یەکێك لەتاوانە گەورەکان | رزگار نجم الدین مجید |
| ١٦ | ئامۆژگاری کچانی خوێندنگا | زهراء محمد مجید |
| ١٦ | هاندانی گەنجان بۆ هاوسەرگیری | کاروان حمەباقی |
| ١٧ | نوێژی جەنازە | سەروان علی حسین |
| ١٨ | هیچ پاساوێك نیە بۆ نوێژنەکردن | م . هاوار عبدالله |
| ١٩ | تەنها چاکەیەك | ڕێکەوت ئیبراهیم |
| ٢٠ | دوو وەسیلەی شەرعی بۆ بەختەوەر بوون بەشەفاعەت. | صەلاّح علی قادر |
| ٢١ | خوشکەکەم : دونیا چەند ساتێکی کەمە و ئەڕوات !! بۆیە ... !! | هەوار عادل |
| ٢٢ | نەفس و خۆماندووکردن لە پێناو پەروەردەکرنیدا | سروە غەریب |
| ٢٣ | لە دوعا پڕ ماناکانی پێغەمبەر ﷺ | ڕۆنیا هاشم صاڵح |
| ٢٤ | ووتەی جوان | کێوان محمود |
| ٢٤ | Associating Others with Allah (Shirk) | داستان صابر |


تێبینی : بۆ ئەو فێرخوازە ئازیزانەی کە دەیانەوێت بابەتیان بڵاوبێتەوە ، زانست ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێنێت ، بەڵام بابەتەکانیان بەپێی مەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، لەوانەش :

١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگیراوە ئاماژە بە ناوی سەرچاوە بکرێت ... ٣ . تا دەتوانرێت کورت و پوختکراو بێت ... ٤ . ئامادەکار ناوی خۆی و کۆلێژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراو بێت ،و پێش (١٠)ی مانگ بگاتە دەستمان....

بە ڕەخنە و پێشنیارەکانتان بڵاوکراوەکەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .


Zanest@Gawab.com

بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی : **www.ba8.org** بکە .

سەرنووسەر : عدنان بارام . دەرچوی عربی . صلاح الدین .

دەستەی نووسەران :

هاوار عبدالله . دەرچوی کۆمەڵایەتی کەلار .

رزگار محمد . دەرچوی E . صلاح الدین .

علي محمد . دەرچوی کۆمەڵایەتی کەلار .

بیلال جلال . ك . پەروەردەی فیزیا کەلار .

سەرپەرشتیاری چاپ : جلیل إبراهیم

تیراژ : ٦٠٠٠ هەزار

## عەقڵ شوێنکەوتەی شەرعە نەك دادوەر بەسەریەوە !!!

الحمد لله رب العالمين ، والصلاة والسلام على رسول الله الأمين ، وعلى آله وصحبة أجمعين ... أما بعد :

**مشت و مڕی نێوان زانایانی ئەهلی سوننە و کۆمەڵ و تاقمە لاڕێکانی تر لە بنەواکانی وەرگرتنی بیروباوەڕ و لێکدانەوەی فەرموودە ، و دانانی پلە ومەنزیلە بۆ عەقڵ ، وشوێنی عەقڵ لەو لێکدانەوەیەیدا بۆ بابەتەکان ، باسێکی کۆنە و لە دێر زەمانەوە سەری هەڵداوە ، تاقم و کۆمەڵانێکی وا هەبوون و هەن پلە و مەنزیلەی عەقلیان پێش خستووە بە سەر نەقڵدا لە هەموو شتێکدا ، بۆیە هەر شتێك عەقڵیان نەیخوێندبێتەوە ، و لێی تێنەگەیشتبێتن ڕەتیان کردووەتەوە ، و بە پێچەوانە و لاوازیان زانیوە ! با ئەو شتانەش لە نەقلی** ( صحيح ) **یسدا سەلمێنراو و جێگیر بوو بێت ، بۆ نمونە گروپی** ( الخــوارج ) **و** ( المرجئــة ) **و** ( المعتــزال ) **ەش هەندێك لە بەڵگەکانی قورئانیان وەرگرتووە و هەندێکی تریان ڕەتکردووەتەوە ، هەروەها عەقلی خۆیان زاڵکردووە بە سەر بەڵگەکاندا ، و بەڵگەیان کردووە بە شوێنکەوتەی عەقڵ ! یان بەڵگەیان تەنها بە عەقڵ هێناوەتەوە و هەر ئەویان بە ڕەوا داناوە ! وە ووتوویانە ئەگەر بەڵگەی قورئان و سوننەت پێچەوانەی عەقڵ بوویەوە ئەوا نابێت سوننەت بکرێت بە بەڵگە وبە بەڵگە بهێنرێتەوە ! چونکە لای ئەوان عەقڵ شتێکی یەك لایە ، کەچی بەڵگەکانی قورئانی پیرۆز وسوننەتی پێغەمبەر ﷺ و کردەوە و گوفتاری پێشینی ئەم ئوممەتە شوێنی گومانە ، هەروەکو گومانیان پێ دەبەن ! بۆیە هەندێکیان ووتوویانە : عەقڵ دادوەر و قازیەکی بە ڕاست دانراوە ، وشەریعەتیش وەکو شاهید وایە !! واتە : پلەی عەقڵیان بە دادوەر و فەرماندەر داناوە کە هەر ئەویشە شتەکان یەك لا دەکاتەوە ، و ڕۆڵی شەرعیش گەواهی وشایەتی دانە !!**

**وە ئەمەش گەورەترین سیفەت و ئەدگارێکە کە ئەو کەسانەی پێ بناسرێتەوە کە ڕێگەی هاوەڵانی پێغەمبەریان هەڵنەبژاردبێت** رضي الله عنهم ... **بەڵام بەڵگەی ئەهلی سوننە وجەماعەش لە سەر هەموو بابەتەکانیان لەو باسانەی کە پێ‌ی ناسراون و جیا دەکرێنەوە لە غەیری خۆیان ، و هاودەنگن لە سەری بریتیە لە : قورئان و سوننەت و کۆڕای زانایان ، وە سەبارەت بە عەقڵیش بە شوێنکەوتەی نەقڵی دەزانن ، چونکە کە شەریعەت ئاماژە بە عەقڵ دەدات بۆ ئەوەیە بە هۆیەوە لە بەڵگە و دەقی قورئان و سوننەت تێبگەین ، نەك ئەوەی کە ببێت بە بەرهەڵستکاری ئەوەی کە نەقڵ ئاماژەی پێ دەکات ! چونکە عەقڵ ئیجتیهادی تاکێکە ، کەچی بەڵگە سروش** ( وحي ) **خوای پەروەردگارە** .. ( **بڕوانە :** بعض خصائص الفرقة الناجية ؛ الطائفة المنصورة ، للشيخ صالح آل الشيخ ) .

**زانراویشە کە** (( ... **ووشەی** " العقل " **کە باسمان لێوە کرد هیچ یەکە و بڕێکی دیاری کراوی نیە بۆی بگەڕێتەوە ، لە ڕووی کەسایەتیەکانەوە ، بۆ نموونە بووترێت عەقڵی فلانە خەڵك بەڵگەیە لە سەر ئەوە ، تەنانەت لە عەقڵێکی دیاری کراوی کەسێکدا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێت ، ئەوەتا دەبینین عەقڵ بە گۆڕانی تەمەن دەگۆڕێت ، بە جیاوازی ئەو زانیاریانەش کە هەیەتی ، یان بە هۆی جۆرەکانی دەرك کردن ، و لە سەروی هەموو خاوەن عەقڵێکەوە زاناترێك هەیە ، بۆیە لە شەرعدا ڕێزی عەقڵ گیراوە و کراوە بە شوێنکەوتەی شەرع ، چونکە زۆر شت هەن عەقڵ ناتوانی دەرکیان پێ بکات ، بەڵکو دەبێت شوێنکەوتەی سەرچاوەی ڕەوایی بێت** )) ( **بڕوانە :** بعض خصائص الفرقة الناجية ؛ الطائفة المنصورة ، للشيخ صالح آل الشيخ ) .

**بەناوبانگ ترین ئەو کۆمەڵانەی کە لە مێژوودا ناویان هەبوو بێت و تاکو ئێستاش کاریگەریان مابێت لە نێو موسڵماناندا ، و شوێنکەوتەیان هەبێت ، گروپ و تاقمی گومڕای موعتەزیلەیە** ( المعتزلــة ✡ ) **و جەهمی و ڕافیزەن ، لە هەمووشیان زیاتر موعتەزیلەکانن ... کە گومڕایی سەرانیان گەشتووەتە ئەوەی کە بەم شێوە مامەڵەیان لە گەڵ فەرموودە و ووتەی هاوەڵان و زانایاندا کردووە :**

✍ **لە کتێبی** ( التنكيل بما في تأنيب الكوثري مــن أباطيــل ) **دا هاتووە کە فەرموودەیەك لە فەرموودەکانی پێغەمبەر** ﷺ **دەگێڕنەوە بۆ** ( عمرو ) **ی کوڕی** ( عبيد ) **ی موعتەزیلەیی دەڵێت :**

(( لو سمعت الأعمش يقول هذا لكذبته !! لو سمعته من زيد بن وهب لما صدقته !! ولو سمعت ابن مسعود يقوله لما قبلته !! ولو سمعت رسول الله ﷺ يقول هذا : لرددته !! ولو سمعت الله يقول هذا لقلت : ليس على هذا أخذت ميثاقنا )) !!!

---

✡ المعتزلة : **گروپێکی لاڕێ و گومڕان لە مێژووی ئیسلامدا سەریان هەڵداوە ، و شوێنکەوتەی** ( واصل ) **ی کوڕی** ( عطاء ) **ن ، و زۆر بیروباوەڕی گومڕایان هەیە دیارترین بیروباوەڕیان بریتیە لەپێش خستنی ( عەقڵ ) بەسەر ( نەقل ) : کە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەر** ﷺ ) ، **دامەزرێنەری ئەم گروپە گومڕایە لە لایەن پێشەوا** ( الحسن البصري ) **ەوە لە کۆڕ ومەجلسیدا دەرکراوە لە بەر بیروباوەڕە گومڕاکارەکانی ، ئەوە بوو جارێکیان ئەو پێشەوایە پێ‌ی دەفەرموێ** : ( اعتزلنا يا واصل ) ، **بۆیە ناونراون موعتەزیلە ، ئەم گروپە : لە باسکردنی سیفەتەکانی خوای پەروەردگاردا جەهمین ، واتە ئینکاری دەکەن !! وە لە قەدەریشدا قەدەرین ، واتە دەڵێن : کردەوەکانی مرۆڤ لە دروست کردنی خۆیانە و خوای پەروەردگار هیچ ڕۆڵێکی تێدا نیە ! بنەواکانی بیروباوەڕی ئەم گروپە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ لەناو موسڵماناندا ماوە ، لەچەندەها گروپی گومڕادا . وە لەوانەشدا کە پێیان دەوترێت :** العقلانيون ! والعصريون ! والتنويريون ! والمستنيريون !

واتە : ئەگەر بمبیستایە کە ( الأعمش ) . کە یەکێکە لە پێشەوایان . ئەمە دەڵێت ، ئەوا بە درۆم دەخستەوە ! وە ئەگەر لە زەیدی کوڕی وەهبەوە بمبیستایە بەڕاستم دا نەدەنا !! وە ئەگەر بمبیستایە ( ابن مسعود ) ئەم فەرموودەیە دەڵێت لێم وەرنەدەگرت !! ئەگەر بمبیستایە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمە دەڵێت ، ئەوا ڕەتم دەکردەوە ! وە ئەگەر بمبیستایە خوای پەروەردگار ئەمە دەڵێت ، ئەوا دەمووت : تۆ عەهد و پەیمانت لە سەر ئەمە لێ وەرنەگرتووین ، لە سەر ئەمە نەبوو !!

✍ وە دەبینین ( النظام ) کە یەکێکە لە سەرانی موعتەزیلە تۆمەتی درۆ دەداتە پاڵ ( ابن مسعود ) ، ئەوەش تەنها لە بەر ئەوەی فەرموودەی لەت بوونی مانگ ( انشقاق القمر ) ، و فەرموودەی ( السعيد من سعد في بطن أمه ) دەگێڕێتەوە ، وە تانە و توانجی داوە لە چەندەها هاوەڵی تری پێغەمبەر ﷺ ، تەنها لە بەر ئەوەی ئەو فەرموودانەی کە گێڕاویانەتەوە بە پێی عەقڵی ئەوان نەبووە !!!

✍ تەنانەت ئەو کارەیان گەشتووەتە ئەوەی کە ( واصل ) ی کوڕی ( عطاء ) بڵێت : ئەگەر ( عائشة ) ، و ( علي ) ، و ( طلحة ) لە لای من شایەتی لە سەر چەپکە سەوزەیەك بدەن ، ئەو شایەتیەیان وەرناگرم و بە هۆیەوە حوکم لە سەر ئەو شتە نادەم .

هەر لەبەر ئەوەیە دەبینین بیرۆچکە و تێڕوانینی موعتەزیلە بۆ فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ بنەوایەکی وەرگێراو و چاك بووە لە لای دوژمنانی دینی خوا ، لە ڕۆژهەڵات ناسان و جگە لەوانیش ، ئەوەتا : (( " جولد تسيهر " هەڵوێستی موعتەزیلە بەرامبەر بە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ بە شتێکی باش دەزانێت ، وە واش دەبینێت کە دید و بۆچوونیان بۆ ڕەتکردنەوەی فەرمووده بە عەقڵ ، دید و بۆچوونێکی ڕاست و ڕەوانە ، وە هەر ئەویشە کە پێویستە بگیردرێتەبەر و سەربخرێت ، لە دژی توند ڕەوان و ئەو کەسانەی ڕووکەشی ، و ووشکن لە تێڕووانینەکانیان بۆ فەرموودە )) [١] .

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا دەبینین توانجدان و گومان دروست کردن لە سەرچاوەکانی وەرگرتنی بیروباوەڕ بە تایبەت فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ لەم سەردەمەدا ڕێڕەوێکی تری گرتووەتە خۆ کە چەندەها کۆمەڵ و گرووپی لێ کەوتووەتەوە . وەکو ( العقلانيون !!! ) ، و ( الحداثيون !!! ) ، و ( التنويريون !!! ) ، وە لە پێش ئەوانیش بە ناوی ( المستشرقون ) . و (( سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ پارێزراو نەبووە لە دوژمنان لە هەموو کات و شوێن و سەردەمێکدا ، لە ناوخۆ و لە دەرەوەش ، بەڵام لەم سەردەمەدا لە هەموو سەردەمێك زیاتر جەختیان خستووەتە سەر سوننەتی پێغەمبەر ﷺ ، کەچی کەسانێك کە لە ڕواڵەتیان پۆشاکی ئیسلامەتیان پۆشیوە وکردوویانەتە بەر ، و لە دڵیشدا دڵی گورگیان هەیە ، بوونەتە پشتیوانیان دژ بەئاییینی ئیسلام وسوننەتی پێغەمبەر ﷺ )) [٢] .

بۆیە دەبێت فێرخوازانی موسڵمان بیروباوەڕیان بەرامبەر بە (عەقڵ ) هەڵوێستێکی شەرعیانە بێت : ئەوەش بەوەی کە ڕێزی عەقڵ بزانن و بە شوێنکەوتەی شەرعی دابنێت ، چونکە زۆر شت هەن مرۆڤ بە عەقڵی خۆی ناتوانی دەرکیان پێ بکات ، بەڵکو دەبێت شوێنکەوتەی سەرچاوەی ڕەوای شەرع بن ، کە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ .

سەرنووسەر

## خۆشۆردن لە لەشگرانی ( الجنابة )

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسول الله الأمين وعلى آله وأصحابه أجمعين ... أما بعد : خۆشۆردن لە لەشگرانی بە دوو شیوە دەبێت :

**یەکەم : شێوەی تێر و تەسەل و تەواو :** ئەمەیان وەك سوننەتی پێغەمبەری خوایە ﷺ هەنگاو بە هەنگاو :

١ . نیەت هینان لە دڵدا بەوەی لەشگرانی دەردەکەیت بەم شوردنە .

٢ . پاشان تارات گرتن و شۆردنی دامێن .

٣ . دوای تارات گرتن و شۆردنی دامێن شوردنی هەردوو دەست یان لە زەوی دانی سێ جار .

٤ . پاشان دەستنوێژ دەشۆیت وەك چۆن بۆ نوێژ دەیشۆیت .

٥ . دواتریش سێ جار ئاو دەکەیت بە سەرتدا .

٦ . پاشان لای ڕاستت دەشۆی ، دوای ئەوە لای چەپ .

٧ . دواتر ئاو دەکەیت بە هەموو لاشەتدا .

٨ . ئافرەتیش هەروەکو پیاو خوی دەشوات ، تەنها ئەوە نەبیت لەکاتی خۆشۆردنی حەیزدا ئەگەر پەلکی هەبێت دەیکاتەوە .

**دووەم :** ئەو شێوەیەی کە واجبەکەت لەسەر لادەبات ( المجزيء ) : ئەمەیان تەنها دوو شتی تێدا پێویستە :

١ . نیەت هینان لەدڵدا بەو شێوەی سەرەوە .

٢ . تەڕ بوون و ئاوکردن بەسەر هەموو لاشەدا .

**هوشمند أمين . كولێژی قەلادزێ ، بەشی عەرەبی**

[١] ( أجنحة المكر الثلاثة وخوافيها ، للأستاذ عبد الرحمن الميداني : ص ٥٠ بتصرف ، وانظر : الاستشراق والخلفية الفكرية للصراع الحضاري للأستاذ الدكتور محمود زقزوق ص ٢٤ ) .

[٢] ( موقف الغزالي من السنة : للعلامة الشيخ الدكتور ربيع بن هادي المدخلي ) .

## کێ شایستەی ئەوەیە کە ئینسان لیی بپاڕیتەوە و داوای کۆمەکی لیێ بکات ؟

ئەو خوایەی کە ژیانی مرۆڤ هەڵدەسوڕێنیێ تەنها ئەویش مافی ئەوەی هەیە و شیاوی ئەوەیە کە بەفریادگوزار بزانریێ و داوای یارمەتی لیێ بکریێ و پشتی پیێ ببەستریێ ، چونکە هەرشتێك لە بوونەوەردا ڕوودەدات و دێتەبوون هەمووی بەویست و ئیرادە و قودرەت و توانای خودا ڕوودەدەن واتە تەنها خۆی بەڕێوەبەر و هەڵسوڕێنەری بوونەوەرە : هەر بۆیە : ئەوەی کە خوا بیەویێ و ویستی لەسەر بوون و ڕودانی ببیێ ، ئەوا دەبێت و ڕوودەدات بە تواناوقودرەتی خودا . وە ئەوەی کە خودا نەیەویێ و ویستی لە سەر بوون و ڕودانی نەبیێ ، ئەوا نایەتە بوون و ڕونادات ، نەك لەبەر ئەوەی خودا توانای بەسەردا ناشکێت بەڵکو لەبەر ئەوەی خودا ویست و ئیرادەی لەسەر بوون و ڕودانی نیە .

کەوابوو : ئەوەی لەم بوونەوەرە و ژیانی مرۆڤدا ڕوودەدات هەمووی بە ئیرادە و قودرەتی خودا ڕوودەدەن ، بۆیە هەر خوایە بە تاك و تەنها ئەتوانیێ هەرشتێك بکات و غەیری خودا ناتوانیێ یەك کاروکردار ئەنجام بدات . جا لەوە دەردەکەوێت : هەرکام لە مەخلوقات و دروستکراوەکان سەبەب و وەسیلە و هۆکارێکن ، کە خودای گەورە خەلقی کردون و بەدیهێناون بۆ ئەوەی بە هەرکامیان ئیش وکارێك ئەنجام بدریێ . هەربۆیە خوای گەورە بەرنامەی بەڕێوەچوونی بوونەوەر و هەڵسوڕاندنی ژیان و گوزەرانی ئینسانی وا داناوە ، گەر بیەویێ شتێك بکات ، خێر و خۆشیەك دابین کات ، زەرەر و ناخۆشیەك لاببات ، کار و کردارێك ئەنجام بدات ئەوا هۆکار و سەبەبێکی تایبەتی بۆ دێنیێ ، جا ئەگەر سەبەکە هەبوو بەڵام ویستی خودای لەگەڵ نەبوو ، ئەوا ئەو شتە ڕوونادات و نایەتەبوون ، وە بۆ ڕوودان و هاتنەبوونی هەرشتێك سەبەب و هۆکاری تایبەت بەخۆی هەیە ، وە سەبەب و هۆکارەکانیش کاریگەری و تەئسیریان نابیێ ، ئەگەر خودا نەیەوێت و ویستی لەسەر نەبێت . کەواتە : ئینسان ئەگەر ویستی کارێك بکات و ئیشێك ئەنجام بدات، ئەوا پێویستە سەبەب و هۆکارێك کە خوا داینـاوە بیگرێتە بەرو پیادەیکات ، وە لەبەر ئەوەی ( الله ) سەبەب و هۆکارەکان کاریگەریەکیان نابیێ ئەگەر خوا نەیەویێ ، بۆیە پێویستە ئیعتمادی دڵ و پشت بەستن و داوای کۆمەکی کردنی تەنها لە خوا بیێ و تەنها ئەو بە فریادگوزاری خۆی بزانیێ .

بۆ نمونە : مرۆڤ گەر برسی بوو ، پێویستە بگەڕێت بە دوای خواردندا بۆ ئەوەی تێربیێ ، چونکە خوای گەورە خواردنی کردوە بەهۆکاری تێربوون ، جا ئێستا هۆکارەکە هەیە کە خواردنەکەیە ، بەڵام ئەوەی کە پێویستە بێتەبوون کاریگەری خواردنەکەیە کە تێربوونە ، ئا ئەمەیان پێویستی بەویست و ئیرادەی خودایە ، جا ئەگەر خودا بیەوێت و کاریگەری تێربوون لە خواردنەکەدا بهێڵێتەوە ئەوا ئەو کەسە تێر دەبێت و برسێتیەکەی نامێنیێ ، خۆ ئەگەر خودا نەیەوێت و کاریگەری تێربوون لە خواردنەکەدا نەهێڵێتەوە ئەوا ئەکەسە تێرنابێت و برسێتیەکەی ناشکێت . هەروەها کەسێك کە نەخۆشە دەبێت بڕوات بەدوای ئەو سەبەب و هۆکارەدا کە خودا شیفای ئەو نەخۆشییەی تێدا داناوە ، جا پاش ئەوەی دەرمانەکە وەردەگرێت وبەکاری دەهێنیێ ، پێویستە بزانیێ ئەو دەرمانە هۆکارو سەبەبن ، بەڵام بوونی شیفا و کاریگەربوونی دەرمانەکە بۆ چارەسەر پێویستی بەویستی خوا هەیە ، جا ئەگەر خوا بیەوێت کاریگەری شیفابوونی تێدا دەهێڵێتەوە وشیفای بۆ دێت ، خۆ ئەگەر نەیەوێت کاریگەری شیفابوونی تێدا ناهێڵێتەوە ، بۆیە دەبێت پاش بەکارهێنانی دەرمان چاوی لەدەستی خوا بێت ودڵی بەخواوە پەیوەست بێت و ئەو بە فریادگوزاری خۆی بزانیێ بۆ ئەوەی ڕەحمی پێبکات و ئەو ناخۆشی و نەخۆشییەی لەسەر لابدات و لەگەڵ دەرمانەکەدا شیفاکەی بۆ بنێرێت .

جا لەبەر ئەوەی : هەرشتێك لەم بوونەوەرە و لەژیانی مرۆڤدا ڕوودەدات و بەویست وتوانای خودایە وتەنها خۆشی ئەنجامی دەدات وبڕیاری لەسەر دەدات ، وە هەرکام لە مەخلوقات ودروست کراوەکان سەبەب و وەسیلە و هۆکارێکن هیچ شتێکیان لەدەست نایەت وهیچیان بۆناکرێت :

کەوابوو : تەنها خوای پەروەردگار خۆی توانای هێنانی خێرو خۆشی ولادانی زیان وناخۆشی هەیە ، بۆیە پێویستە تەنها خودی الله بە فریادگوزاری خۆمان بزانین ، جا لەبەر ئەوە مرۆڤ جێگەی ئەوەی نییە و مافی ئەوەی نییە کە هاوار لە غەیری خوا بکات و پشت بە غەیری خودا ببەستیێ و ئومێد و ڕەجاو ترسی لە غەیری خودابییێ .

هەروەکو خوای گەورە دەفەرمویێ : ﴿ وَإِنْ يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ وَإِنْ يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾ ( الأنعام : ١٧ )
واتە : خودا دەسەڵات دارێکی وەهایە ئەگەر توشی هەر جۆرە بەڵاو ناڕەحەتیەکت بکات و دوچاری هەر زەرەر و زیانێکت بکات ، غەیری خۆی هیچ فریادگوزارێکی تر نیە بتوانیێ لای بدات و کۆمەکیت بکات و بە فریاتەوە بیێ ، خۆ ئەگەر خێر و خۆشیەکیشت پیێ ببەخشیێ و سودو قازانجێکیشت پیێ بگەیەنیێ ، ئەوا غەیری خۆی هیچ دەسەلاتێك نیە بتوانیێ لێتی بسێنی و بێبەشت کات ، چونکە تەنها خۆی بەسەر هەموو شتێکدا دەسەڵات دارە و هەرشتێکی بویێ دەتوانیێ بیکات .

وە پێغەمبەری خوایش ﷺ ئاوەها هاوەڵانی فێرکردووە : عَنْ أَبِي عَبَّاسٍ عَبْدِ اللهِ بنِ عَبَّاسٍ رضي اللهُ عنهما قَالَ : كُنْتُ خَلْفَ النبي ﷺ يَومَاً فَقَالَ : " يَا غُلاَمُ إِنّي أُعَلِّمُكَ كَلِمَاتٍ : إِذَاَ سَأَلْتَ فَاسْأَلِ اللهَ ، وَإِذَاَ اسْتَعَنتَ فَاسْتَعِن بِاللهِ ، وَاعْلَم أَنَّ الأُمّةَ لو اجْتَمَعَت عَلَى أن يَنفعُوكَ بِشيءٍ لَمْ يَنْفَعُوكَ إلا بِشيءٍ قَد كَتَبَهُ اللهُ لَكَ ، وإن اجْتَمَعوا عَلَى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشيءٍ لَمْ

یَضروكَ إلا بشيءٍ قَد كَتَبَهُ اللهُ عَلَيْكَ ، رُفِعَت الأَقْلامُ ، وَجَفّتِ الصُّحُفُ " ( صحيح الترمذي : ٢٥١٦ ) .

واتە : « عَبْدِ اللهِ » کوری « عَبَّـاسٍ » « ڕەزای خوای لێبێت » دەفـەرموێ ڕۆژێکیـان لـە پـشتی پێغەمبـەرەوە ﷺ بـووم و پێمـی فەرموو : « ئەی لاوەکە ، چەند ووشەیەکت فێردەکەم باش گوێی بۆ بگرە : هەرکات پاڕایتەوە تەنها لە خوا بپاڕێرەوە و ، هەرکات دوای کۆمەکیت کرد تـەنها داوا لـەخوا بکـە ، تـەنها خـوا بـە فریـادگوزاری خۆت بزانە ، چونکە ئەگەر سەرجەم خەڵکی و تەواوی میلەتان کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی شتێك لە سوود و خێر و خۆشی بۆ تۆ دابین کەن ناتوانن بۆتی مسۆگەرکەن تەنها ئەوە نەبێت کە خوا بۆ تۆی قەرار دابێ و بۆتی نوسیبێ ، بە هەمان شێوە ئەگەر کۆببنەوە بۆ ئەوەی شتێك لە زیان و ناخۆشی و زەرەر توشی تۆ کەن ناتوانن دوچارتی کـەن مەگـەر خـودا لەسـەرتی دانـابێ و بـۆتی نوسـیبێ ، چـونکە قەڵەمەکان هەرچیان نوسیبێ نوسیویانە ، تێنووسەکانیش ووشك بوونەتەوە .

وە لـە چـەندان ئایـەتی تریشدا هـاتوە کـە خۆشەویست ترین بەنـدەی خـوا کـە پێغەمبـەرە ﷺ هیـچی بەدەسـت نیـە لـە هێنـانی خێروخۆشی و لادانی زیان و ناخۆشی نە بۆ خۆی وەنە بۆ غەیری خۆی بۆیە نابێت ئێمە بە فریادگوزاری خۆمانی بزانین وهاواری لێ بکەین بۆ نمونە : ﴿ لَيْسَ لَكَ مِنَ الْأَمْرِ شَيْءٌ ﴾ ( آل عمران : ١٢٨ ) واتە : ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ تـۆ هیـچت بەدەسـت نیـە لـە هێنـانی خێروخۆشی و لادانی زیان و ناخۆشی .

کەوابوو با خەڵکیش ئەوە بزانن بۆیە پێیان بفەرموو : ﴿ قُل لَّا أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ ﴾ ( الأعراف : ١٨٨ ) ، واتە : بفەرموو من هیچ سودو زیانێکم بە دەست نیە بۆ نەفسی خۆشم . مەگەر شتێك کە خوا ویستی لەسەر بێت .

﴿ قُلْ إِنِّي لَا أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا رَشَدًا ﴾ ( الجن : ٢١ ) ، واتە : پێیان بفەرموو : هیچ زەرەر و قازانجێکم بەدەست نیە بۆ ئێوەش .

کەواتە ئەی موسڵمانی ژیر : خۆشەویست ترین کەس بەلای خواوە کە پێغەمبەرە ﷺ هێنانی قازانج ولادانی ناڕەحەتی بەدەست نیە ، بۆ خۆشەویست ترین کەسی ، کە کچەکەیەتی و ، بۆ نزیك ترین کەس لێی ، کە مام و پور و خزمەکانیەتی لە عەشیرەتەکەی !!! ئایا کە پێغەمبەر ﷺ بۆ خزمانی خۆی نەیتوانی ، ئایا دەتوانێت بۆ غەیری ئـەوان هیچ دابین بکات ؟! وە کە پێغەمبـەر نـەتوانێت ئایا غەیری ئەو کەسی تر دەتوانێت هیچی بەدەست بێت ؟!!! بێگومان نەخێر .

کەوابوو : بە بەڵگەی قورئانی پیرۆز و فەرمووده ڕوون بووەوە کە توانـای هێنـانی خێر وخۆشی و لادانی زیـان و نـاخۆشی تـەنها بەدەستی خوایە کـەوابوو تـەنها خـودا شیاوی ئەوەی هەیە و مافی ئەوەی هەیـە کـە بـە فریـادگوزار بزانـرێ . بـەڵام بەداخـەوە لـەناو موسـڵماناندا نـەفامانی وا هەیـە کـە غـەیری خوایـان کـردوە بـە فریادگوزاری خۆیان و ئەم جۆرە ئیعتیقادەیان بە غەیری خوا هەیە لە پێشەوا و پیاو چاکان .

لەبەر ئەوە ئەو بیروباوەڕە شیرکیە پووچە دەبینین و دەبیستین زۆر لە نەفامان هاوار دەکەنە شێخ عبدالقادر . ڕەحمەتی خوای لێ بێت . وە ناوی ( غەوسیان ) لێناوە ، کە ( غەوس ) واتە : ئەوەی کە لەکاتی تەنگانەدا بەفریایان دێت واتە فریادگوزار . وە باوەڕیان وایە کـە توانـای ئـەوەی هەیـە هـەموو داواکاریـەکیان جێبـەجێ بکـات و وەڵامی هەمووشیان بداتەوە یەکەمیان لە نەخۆشی چاك بکاتەوە و دووەمیان لە بەڵا بپارێزێت و ... ئەمیان منداڵی پێ ببەخشێ و ... ئەوی تریان لە سەیارە وەرنەگەڕێت ( سبحان الله عما يقولون ) !

**د .کاوە ئەکرەم سەنگاوی**

## ووتەی جوان

١ . مرۆڤی سەرکەوتوو ئەوکەسەیە کە دەمی دائەخات پێش ئەوەی خەڵك گوێی دابخات ، وە گوێکانی ئەکاتەوە پێش ئەوەی خەڵك دەمی بکاتەوە ...

٢ . مەهێڵە زمانت بەشداری چاوەکانت بکات لە کاتی ڕەخنە گـرتن لـە کـەم وکوڕییـەکانی خـەڵك ، لـە بیرت نەچێت ئەوانیش وەکو تۆ چاوو و زمانیان هەیە ...

٣ . ئاگاداربە لە : بەخشندە ئەگەر ئیهانەت کرد ... زۆردار ئەگەر ڕێزت گرت ... عاقڵ ئەگەر شەرمەزارت کرد ... وە لە نەفام ئەگەر بەخشیت .

٤ . ئەو کەسەی ئەژی بە دووڕوو ئەمرێ بە بێ ڕوو ...

٥ . ئەگـەر دوژمنەکـەت ڕاوێـژی پێکردیـت ئامۆژگـاری پێشکەش بکە ، چونکە بـە ئامۆژگاری کردنـی دەرئەچێت لـە دوژمنایەتی کردنت بۆ بشتگیری کردنت ...

٦ . ئەگـەر چاوت خستە سـەر ئامانجێك هـەوڵ ئـەدەیت بۆ بەدیهێنانی ...

٧ . کـە گەشتیتە لوتکە سـەیری خوارەوە بکـە بـۆ ئـەوەی بزانیت کێ هاوکارت بوو لە سەرکەوتنیا ، وە سەیری ئاسمان بکە بۆ ئەوەی خوا پێکانتی لە سەر چەسپ بکات ...

٨ . بپرسە لـەخۆت : ئەو شتە چیە کە ئەتوانی بیکەیت ( ئێستا نایکەیت ) بەڵام ئەگەر بیکەیت بە شێوەیەکی ڕێك و پێك کاریگەری پۆزەتیفی ئەبێت لە سەر ژیانت ...

٩ . سەرنەکەوتن لە پلان دانان پلاندانانە بۆ سەرنەکوتن .

**کێوان محمود . ك . ت . سلێمانی . دارایی و ژمێریاری**

## چی تۆی بوغرا کردووە بەرامبەر بە خوا ؟

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله ، وبعد :

**ئەی ئەو کەسەی کە ماڵی دونیا و خۆشەویستی بۆی وای لێکردووی کە یادی خوات لەبیر بچێت :** ﴿ وَتُحِبُّونَ الْمَالَ حُبًّا جَمًّا ﴾ ( الفجر : ٢٠ ) .

**یاخود خۆ خەریك کردن بە تێرکردنی حەز و ئارەزووتەوە و شوێن کەوتنی شەیتان وای لێکردووی کە ناوی خوات لە بیر بچێت :** ﴿ اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَأَنسَاهُمْ ذِكْرَ اللَّهِ ﴾ ( المجادلة : ١٩ ) .

**ئازیزانم تا چەند قەدری ئەم نیعمەتانەی پەروەردگارت دەزانیت :**

*** ئایا لە ئاوێکی قێزەون هەڵقوڵاو دروستی نەکردوویی ؟** ﴿ خُلِقَ مِن مَّاءٍ دَافِقٍ ﴾ ( الطارق : ٦٠ ) .

*** ئایا هەڵی نەگرتووی لەناو ڕەحمی دایکتدا بۆ ماوەی چەند مانگێك ؟**

*** ئایا زمانێك و دوو لێوی پێنەبەخشیووی ؟** ﴿ وَلِسَانًا وَشَفَتَيْنِ ﴾ ( البلد : ٩ ) .

*** ئایا دوو چاوی پێ نەبەخشیوی ؟** ﴿ أَلَمْ نَجْعَل لَّهُ عَيْنَيْنِ ﴾ ( البلد : ٨ ) .

*** ئایا دروستی نەکردووی بە جوانترین شێوە ؟** ﴿ لَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ ﴾ ( العلق : ٤ ) .

*** ئایا ڕێزی نەداویت بەسەر هەموو بوونەوەراندا ؟ هەروەکو لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی :** ﴿ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ ﴾ ( الإسراء : ٧٠ ) .

*** ئایا ڕزق و ڕۆزی پێ نەبەخشیووی ؟** ﴿ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ ﴾ ( الإسراء : ٧٠ ) .

*** ئایا ئاسمانەکانی بە بەرزکراوەیی بەسەرتەوە نەهێشتووەتەوە ؟ وە مانگ و خۆر و ئەستێرەکانی نەکردووە بەسەرچاوەی ڕوناکی بۆ ژیانت ؟** ﴿ وَإِلَى السَّمَاءِ كَيْفَ رُفِعَتْ وَإِلَى الْجِبَالِ كَيْفَ نُصِبَتْ وَإِلَى الْأَرْضِ كَيْفَ سُطِحَتْ ﴾ ( الغاشية : ١٨ ـــ ٢٠ ) **. یان** ﴿ وَلَقَدْ زَيَّنَّا السَّمَاءَ الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ ﴾ ( الملك : ٥ ) .

*** ئایا لە ئاسمانەکانەوە بارانی بۆ نەباراندووی ، وە بەو ئاوە هەموو جۆرە بەروبوومێکی بۆ وەبەرهەم نەهێناوی ؟ :** ﴿ وَأَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقًا لَّكُمْ ﴾ ( البقرة : ٢٢ ) **. ئاوێك کە نە بۆنداری کرووە نە سوێر نەشیرین ، نەتاڵ کە هۆکاری هەرە پێویستی ژیانە** ﴿ أَفَرَأَيْتُمُ الْمَاءَ الَّذِي تَشْرَبُونَ أَأَنتُمْ أَنزَلْتُمُوهُ مِنَ الْمُزْنِ أَمْ نَحْنُ الْمُنزِلُونَ لَوْ نَشَاءُ جَعَلْنَاهُ أُجَاجًا فَلَوْلَا تَشْكُرُونَ ﴾ ( الواقعة : ٦٨ ـــ ٧٠ ) .

*** ئایا شەو و ڕۆژی بۆ فەراهەم نەهێناوی کە شەو دەبات بەناو رۆژدا ، وە ڕۆژ دەبات بەناو شەودا هەروەکو پەروەردگاری بەڕەحم و بەزەیی فەرموویەتی :** ﴿ يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ ﴾ ( الحديد : ٦ ) .

**بێگومان هەموو ئەمانە تەنها شایستەی پەروەردگارتە ، ئەو خوایەی کە شارەزایە بەرامبەر هەموو ئەو شتانەی کە دەرکی پێ دەکەیت و دەرکی پێ ناکەیت ... دەسا واز بهێنە هەوڵ بدە بۆ لێخۆشبوونی خوایی ، تێکۆشە برام تێکۆشە ...** ﴿ وَسَارِعُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ ﴾ ( الحديد : ٢٢ ) .

**گەر بەرەو ڕێبازی ڕاست دەچیت ئەوا بێگومان خوا یارمەتیت دەدات ، وە ئەویش دێت بە هاناتەوە . کام ڕێباز ؟ ئەو ڕێبازەی کە بەرەو تەفرەقە و هەڵدێرت دەبات ، یاخود ئەو ڕێبازەی کە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵان لەسەری بوون ؟ وە گەر دەتەوێت پشت لەو ڕێبازە بکەیت و بیکوژێنیتەوە ، ئەوا خەیاڵت خاوە ، بەڵکو خوا ڕوناکی خۆی تەواو دەکات ، با بێباوەڕانیش پێیان ناخۆش بێت ، وەك خوای گەورە دەفەرموێت :** ﴿ يُرِيدُونَ لِيُطْفِئُوا نُورَ اللَّهِ بِأَفْوَاهِهِمْ وَاللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ ﴾ . ( الصف : ٨ )

**کەواتە ببە بە یارمەتی دەری بەرنامەی خوا** ﴿ كُونُوا أَنصَارَ اللَّهِ ﴾ **لە هەر کات و سەردەم و شوێنێکدا بووی بیسەلمێنە بە کردار و گوفتار کە شوێن کەوتەی پێغەمبەری ﷺ ، وە باوەڕداری ، نەك لەبەر ڕیا بەڵکو لەبەر خوا ، چونکە ئەوەی لەبەر خەڵك بێت کاتێکی کەمەو دەچێت ، لەبیر کەس نامێنێت ، بەڵام لەبەر خواکردن ، سەرفرازی دونیا و دوارۆژتی پێ بەدەست دێنیت ، دەی برام هەوڵ بدە لات عەیب نەبێت ، شوێن دەستت با لەناو کۆمەڵدا دیار بێت ، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت :** " بلغوا عني ولو آية " ( رواه البخاري ) .

**بوغرا و سەر لێشێواو مەبە ، بە خۆتدا مەنازە ، گومانی تێدا نییە هەر دەبێت بمری ، جا پێم ناڵێیت چیت ئامادەکردووە بۆ دوای مردن ؟!! بیرکەروە ، بیرکەرەوە ...**

**کۆتایی باسەکەم بەم چەند دێڕە شیعرە تەواو دەکەم کە دەفەرموێت :**

**بۆ کوێ دەچیت ڕێگات دوورە ئەمڕۆ هەوێنی بۆ دانێ**
**دونیا چرکەی سەعاتێکە و دەڕواو کەسیش پێینازانێ**
**بیرکەرەوە کە خالقت ئەمڕۆ داوای چیت لێ دەکات**
**خەیاڵ مەکە بێرەوە هۆش سبەی سەفەر دەست پێ دەکات**
**چۆن لەڕووت دێت بێ کردەوە لەپێش خوادا ڕاوەستی**
**تاکەی ئاگات نایەتەوە هەتاکو کەی وەها مەستیی**

**صباح نجيب . ك.پ.كلار .فيزيا**

## بۆ ئەو ئافرەتانەی داد پەروەرن لە ویژدانیاندا

( بەشی سێیەم و کۆتایی )

لــە درێــژەی باســکردنمان ســەبارەت بــەتێروانین و بەخشەکانی ئاینی ئیسلامی خراپ پیشان دراو و لادانی پەردە شەیتانیەکانی ( دروستکراوەکانی ) سەر ئەم ئاینە پاك و بێ خەوشە سەبارەت بەچینێکی گرنگی کۆمەڵگای مرۆڤایــەتی و دەرهێنانیــان لەچــنگ و قــورگی شــێران و سەندنەوەی خۆیان ژێریان لەدەستی دوژمنانیان تاکو چیتر وەکو شەترەنج و بوکە شوشە یاریان پێ نەکرێت چونکە یاری کـردن بـەوان یـاری کردنـە بەسـەرجەم مرۆڤایـەتی وە دانانیان لەشوێنێکی ڕێزلێگیراو و ئەو شوێنەی کە ئیسلام بـۆی دیـاری کـردوون وەکـو پێغەمبـەر ﷺ دەربارەیــان دەفەرموێت : " إنما النساء شقائق الرجال " ( السلسلة الصحيحة : ٢٨٦٣ ) ، واتـە : ئافرەتـان هاوشـانی پیـاوانن ، بەڕاسـتی بەڵگەیەکی زۆر بە مانایە گەر بەبیرکردنەوەی ڕاستەقینە و ویـژدانێکی خاوەن ویژدانەوە تێی بڕوانین ، ئەم مانایـەش زیـاتر روون دەبێتــەوە لــەو فەرمایــشتەی کــە پــەروەردگار دەفەرموێت : ﴿ إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ مَغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ﴾ ( الأحــزاب : ٣٥ ) ئەم تێڕوانینی ڕاست و دروستی ئیسلامە بۆ ئافرەتان ، واتە خوای گەورە پاداشتی پیــاوان ناداتــەوە لەبــەر ئــەوەی ڕەگــەزیان نێــرە ولــە ئافرەتانیش ناپێچێتەوە لە بەرئەوەی ڕەگەزیان مێیە بەڵکو بـەپێی چـاك وخراپـی کردەوەکانیـان مامەڵـەیان لەگەڵـدا دەکرێت بەبێ ئەوەی هیچ بۆ ڕەگەزیان بکرێت .

ئەمەش ئەوەمان فێرئەکات کە چۆن ڕەگەزی نێر شانازی نیە بۆ پیاوان ئاوەهاش ڕەگەزی مێ نەنگی و عەیبە نیە بۆ ئافرەتان سەد ڕەحمەت لەشاعیر بێت کە دەڵێت :

ولا التأنيث لاسم الشمس عيب ولا التذكير فخـر للهلال

مەبەسـتی زیـاتر هۆشـیارکردنەوەی خوشـکان بەمافـە ڕەواکــانی خۆیــان و ئــەو ســەنگ وڕێزلێنانــەی کــە دروسـتکاریان لێیـانی نـاوە لەلایـەك و هەسـت کـردن بـە بەرپرسیارێتی شـەرعی لەلایـەکی تـرەوە بڕیارماندا زیـاتر درێژە بـەم بابەتـە پشتگوێ خراوە بدەم ، چونکە ئەم کارە جێبــەجێ کردنــە بــۆ ئــەو فەرموودەیــەی کــە پێغەمبــەر ﷺدەفەرموێت : " أنصر أخاك ظالماً أو مظلوماً " ( رواه البخاري ) چـونکە زۆرجـار دەیبیـستین و دەخوێنینــەوە کــەباس لەتێروانینی ئیسلام دەکرێت بۆ ئەم بەشەی مرۆڤایەتی ، و لێکدانــەوەی نەخوێنــدەوارانی ئــەم ئاینــە وە زۆرجـاریش کەسـانێکی نەشارەزا وەکـو کاسێتێکی تۆمارکراو قسەی پوچەڵی و بێ بنەمای پێش خۆیان دووپات دەکەنەوە بەبێ شــەرم کـردن لــەوەی مێـژوو سڵ لەکـەس ناکـات ئـەوەش زۆرجار دەبێتە مایەی دروستکردنی چەندین گومان لەلایەن ئەوانەی کە بەرگوێ یاخود بەچاویان دەکەوێت و شارەزای بەڵگـە شـەرعیەکان نین و وەکـو کەشـتی ناودەریـا کـە هـەر هەوایـەك بێـت بەئاراسـتەی خۆیـدا دەیبـات و کەشـتیەکە هیچی لەتوانادا نیە !!! حەیفە ئێمەی مرۆڤی خاوەن ویست ( إرادة ) و ژیری وەکو کەشتیەکی بێ گیان و بێ ژیریمان لێبێــت و هەرقــسەیەك بکرێــت بــەبێ بــە دواداچــوون و تێگەیـشتنی زانـستی یەکـسەر تـسلیمی بـین و بـڕوای پـێ بێنین !!!

لـەوەش سـەیرتر ئەوەیـە ئـەو کـارە کـاری موسڵمان بێت ئـەی کـوا جێبـەجێکردنی فەرمایـشتەکانی پـەروەردگار ؟!!! ئەگـەر نـا زۆربـەمان بەرەو داهاتوویەکی ترسێنەر و سوتێنەر هـەنگاو دەنـێین بـەبێ ئـەوەی هەنـدێکمان ئاگـاداری بین بۆیـە پێویـستە هـەموومان هەسـت بەترسـناکی ئـەم کـارە بکـەین و نــوکی قەڵەمــەکانمان بــەکاربێنین بــۆ ڕاســتکردنەوەی ئــەو تێگەیشتنانە بەتیشك خستنەسەر چەند بەڵگەیەکی شەرعی کە جگـە لـە خـۆ بـەزل زانـان و ڕق و کینـە هـەڵگران کەسـی تـر جورئەتی ڕەدکردنەوەی ناکات وە بۆ زیاتر زیاتر ئاشناکردنی خوشکان دەچینە خزمەت هەندێك لەو بەڵگانە :

١ . دەبێت دڵنیـابین لـەوەی کـەخوای پـەروەردگار هـیچ کارێکی بێ حیکمـەتی نـەکردووە و جـا ئێمـە ئـەو حیکمەتـە بزانین یان نا ؟

لەبەرامبەریـشدا دەبێـت ئـەوە بـزانین کـە هـەرکارێکی واجب کردبێت لەسـەر مرۆڤـەکان بـەبێ گومـان بەرژەوەنـدی مرۆڤــەکان خۆیــانی تێدایــە جــا ئــەو بەرژەوەندیانــەمان لائاشـکرابێت یـان نادیـار ، چونکە بـەپێی فەرمایـشتەکانی خـوای گـەورە ئەوەیـە بـیروڕای موسـڵمانی ڕاسـتەقینە کـە هەمیـشە گومـانی چـاکی هەیـە بـەخوای خـۆی یـەکێك لـەو کارانەی واجبی کردووە لەسەر ئافرەتان کە لەبنەرەتدا بۆ

بەرگری لیٚ کردن و پاراستنیانە لەکەسانی خراپ و داهاتوی خراپ ئەوەش بالاٚپۆشی شەرعیە کەخوای گەورە لەم ئایەتەدا داوای بالاٚپۆشی شەرعی لەئافرەتان دەکات و هۆیەکەشی روون کردۆتەوە کە دەفەرمویٚت ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَنْ يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا ﴾ ( الأحزاب : ٥٩ ) جیٚگەی خۆیەتی لیٚرەدا ئامازە بەوە بکەین کە پیٚشکەوتن و شارستانیەتی کۆمەلٚگا لەهیچ کات و سەردەمیٚکدا نەبەستراوەتەوە بە دانەپۆشراوی ئافرەتان و لاسایی کردنەوەی کویٚرانەی میللەتانی تر لەهەمان کاتیشدا لەهیچ کات و سەردەمیٚکدا حیجاب و بالاٚپۆشی کە قورس و سەنگینی ئافرەتان دەردەخات نەبۆتە ڕیٚگر لەبەردەم پیٚشکەتن و شارستانیەتدا جیٚی سەیرە بە ڕۆشنبیری ناوبریٚت پارچەیەك قوماش بەهۆکاری پیٚشکەوتن و دواکەوتن ناوبریٚت تاکو بەکارهیٚنانی لەپیٚش چاوی خوشکانمان ناشرینی بکەین و بە چاویٚکی سوکەوە تیٚ بروانین و بە دواکەوتویی بزانن .

سەد رەحمەت لەو شاعیرە بیٚت کە دەلیٚت :

ولو كان التمدُن بالسفور لأصبح أثقف الخلق حمار

واتە : ئەگەر شارستانیەت بەسفوری و دانەپۆشراوی ببوایە ئەوا ڕۆشنبیرترین دروستکراو گویٚ دریٚژبوو چونکە لاشەی بەدەرەوەیە !!

٢ . یەکیٚك لەنیشانەکانی سەرکەوتوویی ئەو کەسانەی کە ووتە بیٚژن ئەوەیە کەخۆیان لەپیٚش هەموو کەس وتەکانی خۆیان جیٚ بەجیٚ بکەن و خوای گەورەش کاتیٚك پیٚغەمبەری ﷺ کردووە بەڕیٚنیشاندەری موسلمانان ئەلیٚت لەپیٚش هەموو کەسەوە ئەو هەلٚویٚستانەی هەبیٚت بەرامبەر ئافرەتان ئەم ڕاستیەش لەژیانی پیٚغەمبەرماندا بەدی دەکریٚت بەوەی کەهیچ بەلٚگەیەکی ڕاست و دروست نیە کەمیٚژوو بۆمانی باسبکات سەبارەت بەوەی کە ئافرەتیٚکی ژیر لە کار و ئاکاری پیٚغەمبەر نیگەران بیٚت نەك هەر ئەوەندە بەلٚکو باپیٚکەوە بچینە خزمەتی ئەو هەلٚویٚستەی کە نەك تەنها پشتگیری دۆستانی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە بەلٚکو سەرسامی دوژمنانیشی کردووە لەم هەلٚویٚستەی و هاوشیٚوەکانی ، ئەوەش ئەوەیە کە جاریٚك پیٚغەمبەر ﷺ پیٚش نویٚژی بۆ موسلمانان دەکات ( پیاوان و ئافرەتان ) هەندیٚك لەو ئافرەتانە مندالٚیان لەگەلٚ خۆیان هیٚنابوو لەلایەکی مزگەتەکەدا دایان نابوو تاکو نویٚژەکانیان تەواوبکەن ، لەکاتی نویٚژەکەدا پیٚشنویٚژ. واتە : پیٚغەمبەری ئازیز ﷺ . ویستی نویٚژەکەیان بۆ دریٚژبکاتەوە بەلاٚم لەو کاتەدا گویٚی لەدەنگی گریانی مندالٚ بوو بۆیە نویٚژەکەی دریٚژنەکردووە پاشان ئەوەی لەنویٚژەکەیان بونەوە بۆی روون کردنەوە کە بۆچی نویٚژەکەی دریٚژنەکردۆتەوە تەنها لەبەر ئەوەی دەنگی گریان ئەو مندالاٚنە بەرز بۆتەوە و پیٚغەمبەریش ﷺ دەفەرمویٚت دەزانی سۆزی چۆنە بۆ مندالەکەی تەنها لەبەر ئەوە نویٚژەکەم دریٚژنەکردەوە .

توخوا دەمەویٚت لەگەلٚ ویٚژدانتاندا قسە بکەم ریٚگەم بدەن بائەوان وەلاٚمم بدەنەوە :

ئەگەر ئاینیٚك ئەمە پەیڕەو و تیٚگەیشتنی بیٚت بەرامبەر ئافرەتان و سزای دەروونی قبول نەکات ئیٚستا دیٚت سزای جەستەیی حەلاٚلٚ دەکات ؟

ئاینیٚك ئەمە هەلٚویستی بیٚت جیٚی خۆی نیە ئافرەتان وەکو تاجیٚك لەسەر خۆیانی بنیٚن ؟

ئاینیٚك وابیٚت ستەم لەئافرەتان دەکات ؟

یاخود دەستی ستەمکارانی لیٚ دوردەخاتەوە ؟

ئاینیٚك وەهابیٚت مافی ئافرەتان دەخوات یاخود بواری بۆ دەڕەخسیٚنیٚ سود لەمافەکانی خۆی وەربگریٚت ؟

ئاینیٚك ... ئاینیٚك ... ؟ وەلاٚمی ویژدانت بکەرە رووناکیەك بۆ ژیانی دونیات پیٚش تاریکیەکانی ئاخیرەت .

پاریٚزەر : أحمد محمد

## بۆ تۆبەکاران

کە خۆتت بینی غەرق بوی لە تاوان
بەدریٚژی ڕۆژگار هاوەلٚی شەیتان
لە دوای تەمەنی کالٚفام و ئەنان
فرمیٚسك بڕیٚژە بۆ نوری ئیمان
نەلیٚی لە ئەقلٚت لە دەست چوو ژیان
دۆزەخم بەسە بە هۆی گوناهان
نەخیٚر وانیە خوای گەورە و ( رحمن )
دەرگای والاٚیە بۆ تۆبەکاران

شادیە أحمد صالح . ك . كەلار . كوردی

## پاڵنەرەکانی ڕۆژهەڵاتناسی

**( بەشی چوارەم )**

٣. **پاڵنەری بازرگانی و ئابوری :** یەکێکی تر لەو شتانەی کە پاڵنەر بوون بۆ ڕۆژهەڵاتناسی ، پاڵنەری ئابوری بوو .

بەڵێ ، لەو پاڵنەرانەی کە دەورێکی کاریگەری گێڕا لە چالاککردنی ڕۆژهەڵاتناسی ، بریتی بوو لە حەزی ڕۆژئاواییەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵماندا ، بە مەبەستی ڕەواجدان بە شتومەکەکانی خۆیان و کڕینی داهاتە سروشتیەکانمان بە کەمترین نرخ .

دوای ئەوەی ولاتە ڕۆژئاواییەکان سروشتی ولاتە ئیسلامیەکانیان ناسی و زانایان چ خێر و خێراتێك لەم ولاتانەدا هەیە ، ویستی لاپەڕەیەکی تر بکاتەوە یا پەیوەندیەکی تر دروست بکات لەگەڵ ئەم ناوچانەدا کە لە خزمەت : ئابوری خۆیان بێت و برەو بدا بە کارگە و کۆمپانیاکانی خۆیان ، لە هەمان کاتدا جوڵەی زانستی و تەکنەلۆجیان بەرەو پێشەوە ببات ، ئەمەش بە دروستکردنی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ جیهانی ئیسلامیەوە لە ڕوی ئابوریەوە ، لە ڕێگەی هاوردنی ئەو مادە خاوانەی کە پێویستیان پێیەتی بە نرخێکی زۆر کەم .

بەمەش ئاستی وەبەرهێنان و تەکنەلۆجیا لەلای خۆیان دەپارێزن ، و ئاستی دواکەوتویی و تخلف لە ناوچە ئیسلامیەکەی خۆمانیشدا وەکو خۆی دەمێنێتەوە ، کە بەدرێژایی تەمەنی لانکەی پیشەسازی و داهێنان بووە ، جا وایان لێکرد کردیان بە ناوچەیەکی بەکارهێنەر و بە تەواوەتی لە سیفەتی بەرهەمێنەری دایان ڕنی .

لەمەشدا هەر ئەوان لۆمەکراو نین ، موسڵمانانیش لۆمە کراون و بێ تاوان نین ، ئەوە بێ ئاگایی ئەوانە ، دورکەوتنەوەی ئەوانە لە دینەکەی خۆیان ، دەست شلکردنەوە یان دەستبەردانی ئەوانە لە قورئان و سونەتی پەیامبەرەکەی خۆیان ، ڕێگا چۆڵکردنی ئەوان بوو بۆ خەڵکی بێ نرخ و بێ کەڵك کە ببن بە فەرمانڕەوایان ، ئەوانیش بۆ خۆیان گاڵتە بە ماڵ و سەروەت و سامان و بەرژەوەندی و تەنانەت بە ئاینی خەڵکەکەش بکەن ، هەر بۆیە کەمتەرخەمی یەکەم موسڵمانان خۆیانن . و هەر خۆیانیش ئەبێت بێدار ببنەوە و ڕاپەڕنەوە ، هەڵەکە خۆیان کردیان هەر بە خۆشیان ڕاست دەکرێتەوە .

جا کۆکەرەوەی سەرجەمی هۆکارەکان بریتیە لە دوورکەوتنەوەیان لە ئیسلامەکەیان ، کە دوورکەوتنەوە خوا خەڵکی تری بەسەر زاڵکردن .

جا لە گرنگترین ئەنجامەکان و بەرهەمەکانی ئەم پاڵنەرە ئەوەبوو سەروەت و سامان و بەرژەوەندی موسڵمانان کەوتە دەستی ڕۆژئاواییەکان ، ئەوەتا دەبینی زۆربەی دەوڵەمەندە موسڵمانەکان ئەوانەی کە خاوەن سامانێکی زۆرن ، پارەکانیان لە بانکە ڕۆژئاواییەکاندا دادەنێن ، لە کاتێکدا لەو بانکە ڕۆژئاواییانەوە بەشێکی کەمی قازانج نەبێت شتێکی وا ناگاتە دەستی ئەو خاوەن سامانانە ، لە کاتێکدا خودی ڕۆژئاواییەکان لە پشت ئەو ڕەصیدانەوە بە ملیۆنەها و بە ملیارەها بۆ خۆیان قازانجی لێدەخۆن .

لە هەر کاتێکیشدا هەر کێشە و گرفتێکی سیاسی بکەوێتە نێوان ئەم دەوڵەتە ڕۆژئاواییانە و ولاتە ئیسلامیەکانەوە ، لەوە ئەچێت ئەو پارانەی کە لەو بانکە ئەوروپیانە دانراوە تجمید بکرێ یان دەستی بەسەردا بگیرێت ، تەنانەت خاوەنەکانیشیان نەتوانن بیگێڕنەوە یان داوای بکەنەوە .

هەروەك لەم دواییانە لە ئەمریکا و هەندێك ولاتی ئەوروپا ڕویدا ، ڕۆیشتن هەندێك دەزگا و کۆمپانیا و ڕێکخراوی خێرخوازیان تۆمەتبارکرد بە پشتگیریکردنی ئیرهاب ، بۆ ئەوەی دەست بگرنە سەر ڕەصید و سەروەتەکانیاندا ، زۆربەی ئەمانەش بەرهەمی پیلانە پوچەڵەکانی ڕۆژهەڵاتناسەکانە لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی خۆیاندا بۆ بە تالانبردنی سەروەت و سامانی ئەم ئوممەتە ئیسلامیەمان .

٤. **پاڵنەری سیاسی :** پاڵنەرێکی تریش هەیە کە لەم زەمانەی خۆماندا وا خەریکە بەرە بەرە ڕوون دەبێتەوە ، بە تایبەت دوای ئەوەی زۆربەی دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامیەکان سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت . دەبینی هەموو سەفارەتەکانی ولاتە ڕۆژئاواییەکان ، سکرتێرێکیان یان پاشکۆیەکی ڕۆشنبیریان . کە عەرەبی بە باشی دەزانێت . لەو ولاتانەدا داناوە ؛ بۆ ئەوەی بتوانێت پەیوەندی بکات بە ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنوسان و سیاسەتمەدارانەوە و لەو ڕێگەیەوە دوای زانینی بیروبۆچونیان ئەو سیاسەتەی خۆیان دەیانەوێت لەو ڕێگەیەوە پەخش بکەن .

تەنانەت ئەم جۆرە پەیوەندیانە هەندێك جار لە ڕابردودا ئاسەواری زۆر خراپیشیان لێکەوتەوە ، ئەو کاتەی کە سەفیرە

ڕۆژئاواییەکان . کە ئێستاش لە هەندێ بەڵکو لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەکاندا هەن . ئەو سەفیرانە هەڵدەستان بە بڵاوکردنەوەی ئاشوب و شەڕ و ئاژاوە و پیلانگێری و دووبەرەکی خستنە نێوان وڵاتە ئیسلامیەکان یان لە نێو خۆی وڵاتێکدا . . ئەمەشیان بە بیانوی ئامۆژگاریکردن و دەستی یارمەتی درێژکردن دەکرد .

دوای ئەوەی کە بە تەواوەتی دیراسەتی نەفسیەتی زۆربەی ئەو دەسەڵاتدارانەیان کردبوو ، هەروەها لایەنە لاوازەکانی سیاسەتەکانیان دۆزی بووەوە ، هەروەك چۆن درکیشیان بە خواستە مەترسیدارەکانی گەلان کردبوو لەسەر بەرژەوەندی و مەرامە داگیرکاریەکانیان .

هەرواشە بەڕاستی ، ئەوەتا لەم دواییانەدا لە زۆربەی دەوڵەتە ئیسلامیەکاندا جۆرێك لە پەیوەندی ڕۆشنبیری لە نێوان وڵاتە ڕۆژئاواییەکان و چینە ڕۆشنبیرەکان لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا دروست بووە ، دەبینی کۆڕ و سیمینار و کۆڕی زانستی و ئاهەنگی ئەدەبی دەبەستن ، بە بیانوی ڕا گۆڕینەوە یان ئەوەی کە ئەمڕۆ بە نزیکبونەوەی ئاینەکان یان گفتوگۆی شارستانی ناسراوە ، بەڵام ئامانجی سەرەتا و کۆتایی لە بەستنی ئەو کۆڕ و کۆبونەوانە بریتیە لە دوورخستنەوەی موسڵمانان لە ئاینەکەی خۆیان ، و دۆزینەوەی چینێك لە ڕۆشنبیران بە تایبەت ئەوانەی کە لە پلەیەکی باڵای دەسەڵاتدان بەڵکو لە ڕێگەیانەوە وەکو چەکوشێك ئەو بەربەستانەیان پێ بشکێنن کە بوون بە ڕێگر لە بەردەم بەدیهێنانی مەرامە سیاسیەکانی خۆیان .

٥. **پاڵنەری زانستی** : دوای ئەوەی باسی چەند پاڵنەرێکمان کرد کە پاڵیان بە ڕۆژهەڵاتناسانەوە ناوە ، بەڵام لە نێویاندا هەندێك تاکی ڕۆژهەڵاتناس هەیە کە زۆر کەمن ، ڕوو دەکەنە دیراسەکردنی بابەتە ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامیەکان ، بە دیراسەکردنێکی زۆر ورد و زانستی و هەقیقی بە مەبەستی تێگەیشتن و شارەزا بوون لە شارستانی گەلان و ئاینەکان و ڕۆشنبیریان و زمانیان و ناوچەکەیان ، ئەمانەش تا ڕادەیەکی باش دوورن لەو پاڵنەر و مەرامانەی کە پێشتر عەرزم کردن ، هەربۆیە لەوانی تر کەمتر هەڵەیان لێ وەشاوەتەوە لە تێگەیشتن لە ئیسلام و ئاسەوارە ئاوەدانەکەی ؛ ئاخر لەبەر ئەوەی ئەمان بە ئەنقەست شتەکانیان نەدەگۆڕی و لە خۆوە دەستکاریان نەدەکرد ، هەربۆیە دەبینی لێکۆڵینەوەکانیان نزیکترە لە هەق و ڕێبازی زانستی ساغ و سەلیمەوە وەك لە چاو لێکۆڵینەوەکانی زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژهەڵاتناسەکانی تر . .

جا ئەوانەی لەم جۆرەن هیچ پشتگیریەك ناکرێن ، نە لەلایەن وڵاتە ڕۆژئاواییەکانەوە ، نە لەلایەن دەزگا ڕۆژهەڵاتناسیەکانەوە کە لەسەر بنەمای شێواندنی ڕووی گەشی ئیسلام و تێکدانی ئەحکام و ئادابەکانی دامەزراون ، بۆیە دەبینی لە نێوەندە زانستی و سیاسی و نێو دەوڵەتیەکاندا ناوبانگێکی زۆر بەهێز و شۆرەتێکی زۆریان نییە و ناناسرێن .

تەنانەت لەوانەیە ئەم جۆرە ڕۆژهەڵاتناسانە لەلایەن حکومەتەکانیانەوە ڕوبەڕوی ناڕەحەتکردن و ئازاردانی مەعنەوی و ماددی و هەندێك جار جەستەییش ببنەوە . . ، چونکە نە تەمسیلی دیدی ئەوان دەکەن ، نە خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی ئەوان دەکەن .

ئەوانەی لەم جۆرەن بەرچاو ناکەون مەگەر داهاتێکی چاکی سەروەت و سامانی تایبەت بە خۆیان هەبێت ، کە بەو پارەیە بتوانن بە ئەمانەت و دڵسۆزیەوە ڕوو بکەنە دیراسەتکردنی بابەتە ڕۆژهەڵاتیەکان و لە نێویشیدا ئیسلام . .

جا هەیانە دوای ئەوەی دیراسەیەکی ورد و قوڵ و بێ لایەنانە لەسەر ئیسلام دەکات دەبێتە موسڵمان، تەنانەت هەندێك جار دەبێتە بانگخواز و ڕوناکبیرێکی دیاری بەرچاوی لێهاتوو کە بەرگری لە ئیسلام دەکات، نمونەی ئەم جۆرە ڕۆژهەڵاتناسانەش: ڕۆژهەڵاتناسی نەمساوی ((لیوبولد فایس/محمد أسد))ە کە خاوەن کتێبی (( الإسلام علی مفترق الطرق ))ە، هەروەها ((تۆماس ئارنۆڵد)) کە خاوەن کتێبی: (( الدعوة إلی الإسلام ))ە، کە تیایدا زۆر تەرکیز دەکاتە سەر لێبوردەیی ئەم ئاینی ئیسلامە و پابەندبوونی موسڵمانان بەم مەبدەئەوە بە درێژای سەدەکانی مێژوو، هەروەها ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی (( دینیە )) یە کە خاوەن کتێبی: (( أشعة خاصة بنور الإسلام ))ە، کە تیایدا باس لە ڕق لە دڵی ڕۆژئاوا دەکات بەرامبەر بە نوری چاومان، خۆشەویستی دڵمان، خۆشەویستر لە خۆمان و ماڵ و منداڵمان" پەیامبەری خوا ﷺ ، تەنانەت ناوی خۆیشی گۆڕی بۆ: (( ناصرالدين دينية )) ، پاشان لەگەڵ نوسەرێکی جەزائیریدا هەستا بە نوسینەوەی کتێبێك لە بارەی سیرەتی گوڵاوی پەیامبەر ﷺ .

م . علی خان محمد . دەرچووی کۆمەڵایەتی

## لە زاراوە هەڵەکانی ناو کۆمەڵگاکەمان

الحمد الله رب العالمين ، والصلاة والسلام على حبيبنا محمــد ﷺ ، وعلى آلـــه اجمعين .

سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خوای بەتوانا و خاوەن سۆز و میهرەبان صەڵات و سەلامیش لە سەر گیانی پاکی پێغمبەرمان محمد ﷺ .. مسولمانانی خۆشەویست هەروەك ئاگادارن کە لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا کۆمەڵێك وشە و ڕستە و زاراوەی بێ مانا و بێ سود و خراپ بەکارهێنراوە و بەکار دەهێنرێت و وە لەلای گەنجەکانیشمان لەخوشکان وبرایان وردە وردە خەریکە پەرە دەسێنێت ( إن شاء الله ) لەم بابەتەدا هەندێك لەو وشەو زاراوانە هەڵدەسەنگێنین بەتەرازی ڕاستی ئیسلام بۆ ئەوەی بزانین تاچەند لەگەڵ ئاینە ڕاست و حەقەکەماندا گونجاوە ، لەونە :

یەکەم : (( کُل فی کُل خۆیەتی )) بەداخەوە بەهۆی ئەوەی کە موسڵمانان ئەمرۆ لە عەقیدەی ئیسلامی کەم تێگەیشتون . بەکارهێنانی ئەم ڕستەیە زۆر فراوانە کە بۆ کەسێ بەکاری دێنن کەخاوەن پلەیەکی دوونیای بێ یان شارەزای باشی هەبێ لەکارێدا ، بۆیە ئەگەر مەبەست لەوتنی ئەمە ئەوەبێ کە فلانە کەس هەمووشتی بەدەستە ، ئەوا شیرکە و خواش دە فەرموێت : ﴿ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴾ ( لقمان : ١٣ ) ، واتە : بەڕاستی هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردن ستەمێکی گەورەیە .

وە هەروەها دەبێت بزانین کە هەموو فەرمانەکان بۆ خوایە ، وە هەروەها خوای گەورەش دەفەرموێت : ﴿ وَكَانَ اللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ مُّقْتَدِرًا ﴾ ( الكهــف : ٤٥ ) ، واتە : خوای گەورە توانا و دەسەلاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە ، کەواتە مسوڵمانانی خۆشەویست دەبێت بزانین کە تەنها خوایە ( کُل في کُــل ) ە نەك مرۆڤە لاوازەکان !!!

دووەم : (( یەزدان )) زۆر موسڵمان لەبەر بێ ئاگایی لەدین و بێ ئاگایی لە دوژمنانی دین ئەم ناوە بۆ خوای بەرز و گەورە بەکار دێنن ، بەلام ئەم ناوە خوای مەجوسیەکانە ( ئاگر پەرستەکان ) کەدەڵێن لەئاسمانەکان و زەویدا دوو خوا هەن یەکێکیان ( یەزدانە ) کە خوای خێر و چاکەیە ، وە ئەوی تریان ( هورمزە ) کە خوای شەڕە .

وە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴾ ( الإخلاص : ١ ) ، واتە : ئەی پێغەمبەر ﷺ بڵێ : ئەو خوایەی کە ناوی ( الله ) یە تاك و تەنهایە ، وە هەروەها دەفەرموێت : ﴿ وَلَا تَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ ﴾ ( القصص : ٨٨ ) ، واتە : هاوار مەکە هیچ کەسێك لەگەڵ خوادا . کەسێکی تر بەخوا مەزانە .

سێیەم - (( بۆ ( لەڕای ) خوا و مەولودی پێغمبەر ﷺ )) ئەمە زۆرباوە لەناو خەڵکیدا کە ئەمە زیادەیە واتە ( مەولودی پیغەمبەر ﷺ ) هیچ ئەسڵ و ئەساسێکی نیە لەدینی ئیسلامدا و وە هەتا (( ٣٠٠ )) ساڵ دوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ لەناو ئوممەتی ئیسلامیدا ئەم ( مەولودە ) نەبووە ، چ جای ئەوەی بکرێتە شەریك بۆ خوا لە کردنی خێرەکاندا وەك دەڵێت ( لەڕای خوا و مەولودی پێغەمبەر ﷺ .

ئەوەتا خوای بەرز و بڵند دەفەرموێت : ﴿ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ ﴾ ( الکــوثر : ٢ ) واتە : نوێژ ئەنجام بدە بۆ خوا وە سەر بڕینەکانت با بۆ ئەو بێت ، کەواتە چۆن نوێژ تەنها بۆ خوا دەکەیت و نوێژ بۆ کەسی تر ناکەیت ئاوایش حەیوان بۆ ئەو سەربڕە و بۆ کەسی تری سەر مەبڕە ، خێرەکانیشت با هەر بۆ خوا بێت .

وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : " لعن الله من ذبح لغــير الله " ( رواه مسلم ) ، واتە : نەفرەت لەو کەسەی کە سەربڕین بۆ غەیری خوا ئەنجام دەدات .

چوارەم : (( دونیا فشەیە )) زۆرینەی موسوڵمانان ئەم قسەیە دەکەن جا با تۆبە بکەن چونکە دروست کراوەکانی خوای کار بەجێ هیچی بۆ فشە دروست نەکراون ، بەڵکو خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ وَخَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِالْحَقِّ ﴾ ( الجاثيــة : ٢٢ ) ، واتە : پەروەدگار ئاسمانەکان و زەوی لەسر بنچینەی حەق و ڕاستی درووست کردووە .

وە هەر وەها دەفەرموێت : ﴿ وَكُلُّ شَيْءٍ عِندَهُ بِمِقْدَارٍ ﴾ ( الرعد : ٨ ) ، واتە : هەموو شتێك لای خوای گەورە بە پێوانە و ئەندازەیە ، جا با ئەو موسڵمانەی کە ئەم قسەیە دەکات ، بەخۆیدا بچێتەوە ، هەر چەندە زۆر مسولمان دەڵێت من مەبەستم ئەوە نییە بەلام هەر خراپە ئەوەتا ابن مسعود ﷺ فەرمو یەتی : (( وکم من مريد للخير لم يــصبه )) واتە : زۆر لەوانەی کە بەنیازی خێر بوون ، نەیان پێکابوو . پاك و بێگەردی بۆ خوا - کە شتێك دروست بکات بەبێ سود و بەبێ هودە .

پێنجەم : (( مردوت مرێ )) یان (( بڵێ بمرە ئەمرم )) سبحان الله ، مردن و ژیان بەدەست خوای گەورەیە نەك بەویستی مرۆڤەکان چونکە مروۆ دووجار زیند ئەکرێتەوە ، وە دووجاریش ئەمرێت وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قَالُوا رَبَّنَا أَمَتَّنَا اثْنَتَيْنِ وَأَحْيَيْتَنَا اثْنَتَيْنِ فَاعْتَرَفْنَا بِذُنُوبِنَا فَهَلْ إِلَىٰ خُرُوجٍ مِّن سَبِيلٍ ﴾ ( غــافر : ١١ ) ،

**واتــە : ئــەی پــەروەردگارمان تــۆ دووجــار ئێمــەت مرانــد و دووجاریش زیندوت کردینـەوە ئێستا هیچ ڕێگایـەك هەیـە بـۆ دەرباز بوونمـان ، لەبـەر ئـەوە وتنی ئـەم قسـەیە دروسـت نیـە ، چونکە مردوو نامرێت تەنها مردنی پێش لەدایك بوون و مردنی لەدنیا دەرچوون نـەبێ وە ژیـانی نـاو سکی دایك و ژیـانی دوای زیندوکردنەوە نەبێت .**

**شەشەم : (( بەیانیت باش ، ئێوارت باش ، ئەم کاتەت باش ... هتد ، چۆنی ، سەرچاو ، أهلاً ، هـای ، ... هتد )) ئەم جۆرە قسانە لادانە لە سلاوی دروست و ڕاستی موسوڵمانان کە بریتیە لـە (( السلام علیکم ، یـان : السلام علیکم ورحمة الله ، یـان : الــسلام علیکم ورحــمة الله وبرکاتــه )) ئەوەتا کاتێ خوای گـەورە ئـادەمی دروست کرد پێی فەرموو بڕۆ سـەلام لـەو کۆمەڵـە مەلائیکە بکـە ، ئـەوە سـەلامی خـۆت و زوڕییەتەکەتـە ئـادەمیش ( علیــه ســلام ) فەرمووی (( السلام علیکم )) ئـەوانیش فـەرمویان (( وعلیك السلام ورحمة الله )) ( متفق علیه ) . ئـەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیـە کـە کـاتێ گوێ بیستی سـەلام کردنی کەسێك دەبیت پێویستە لـەوەی ئـەو کەوتویـەتی جـوانتر وەڵامـی بدەینـەوە یـان : وەك ئـەوەی ئـەو کەوتویـەتی . خـوای گـەورەش دەفـەرموێت : ﴿ وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا ﴾ ( النــساء : ٨٦ ) ، واتـە : کاتێـك سەلامتان لێکرا بە سەلام کردنێك وەڵامی ئەو سەلامە بدەنەوە بەباشتر لـە سـەلام کارەکە یان بەوێنـەی خـۆی وەڵامـی بدەنـەوە ـ وەك کەسێك بڵێت ـ السلام علیکم ـ تۆش بڵێیت ـ وعلیکم الــسلام ورحمة الله یـان ( و برکاتــه ) ـ ئەمـە باشترەکەیە ـ وەك خـۆی واتـە کەسێك گوتی ـ السلام علیکم ـ تۆ بڵی ـ وعلیکم السلام ـ ئەمـە وەك خۆیەتی .**

**جا ئەوەی سەیرە لێرەدا ئەوەیە کاتێك موسڵمانێك کۆمەڵێك ( مجلس ) یێك بەجێ دەهێڵێت و ( سلام علــیکم ) دەکات زۆرینـەی زۆری موسـڵمانان بەداخـەوە لـەباتی جـوابی سـلاوەکە بدەنـەوە دەڵــێن ( ســەر چــاوم ، بــەخێر بێیــت ... هتــد ) ، وەهــەروەها پێغەمبەرەکەمان ﷺ دەفەرموێت :" إذا انتهى أحــدكم إلى المجلــس فليسلم ، فإذا أرادَ أن يقوم فليسلم ، فليست الأولى بأحق من الأخرة " ( رواه أبو داود و الترمذي و صححه الباني ) ، واتـە : کاتێك یـەکێك لـە ئێوە گەیشتە مەجلیسێك ( کۆمەڵێك مسوڵمان ) با سـەلامیان لـێ بکـات ، وەکاتێـك ویـستی هەسـتێت و مەجلیـسەکە ( کۆمەڵــە مسوڵمانەکە ) بـەجێ بهێڵێت باجارێکی تر سەلامیان لێبکات ، سەلامی یەکەم خێری زیاتر نیە لەسەلامی دووەم ( هەمان خێریان هەیە ) ئیتر وشەکانی ( سەرچاوم ، بەخێر بێیت ... هتد ) کوا ؟! ئەی ئوممەت و شوێن کەوتووەکانی محمد ﷺ .**

**حەوتـەم : (( دەست بـەخێر ، خێـر و بەرەکـە تـت هێنـا ، بـۆ بەرەکەت لێی بخۆ )) کاتێك میوانێك دەچێتە ماڵێکەوە و کارەبا بێتەوە پێی دڵێن خێرت هێنا !! یان بەرەکەتت هێنا یان لـەکاتی مامەڵەدا ئەڵێ دەستم بەخێرە !! یان منداڵێك لـەدایك دەبێ پێی دەڵێن خێر و بەرەکەتی هێنا !! .....هتد . بەکورتی ئەمانە قازانج و زەرەر دەدەنە پاڵ غەیری خوای گەورە جا بزانە پێغەمبـەر ﷺ چەند بە حەق و موبارەکیش بوو بەئیزن ویستی خـوای گـەورە هەموو شتێکی ئەکرد ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ قُل لَّا أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ ﴾ ( الأعــراف : ١٨٨ ) ، واتـە : بڵـێ : من توانـام نیـە بـۆ نەفسی خۆشم سود بگیـەنم یـان زیـان بەڵکو هەرچی دەبێت ـ لەسود و زیان ـ تەنها بەویستی خوایە .**

**هەشـتەم : (( گیـانم بـە ... فلانـەوە ... بـوو )) زۆر جـار نـەخۆش ئەچێتە لای دکتـۆر دەرزیـەکی لێ دەدات یەکسەر ئـەڵێ گیانم بە دکتۆر بوو ئەو نەبوایە ئەمردم !!! یان ئـەڵێ زۆر گـەرم بوو گیانم بەئامێری فێنك کردنەوەکە بوو ، یا گیانم بە حەبەکانم بوو ، یان لەهۆنراوەی مناڵاندا ئەڵێت (( دایکم بەخێوی کردم ئەو نەبوایە ئەمردم !! )) .**

**خوای گەورەش دەفەموێت : ﴿ قُلْ فَمَن يَمْلِكُ لَكُم مِّنَ اللَّهِ شَيْئًا إِنْ أَرَادَ بِكُمْ ضَرًّا أَوْ أَرَادَ بِكُمْ نَفْعًا ﴾ ( الفتح : ١١ ) ، واتە : بڵی : من چیم پێ دەکرێت بۆ ئێو لای خوای گەر ئەگـەر خوا بیـەوێت زیانێکتان پێ بگەیەنێت یان سودێکتان پێ بگەیەنێت ، چەندەها منداڵ دێتە دونیاوە دایکەکە لـەو کاتـەدا دەمرێت کە چـەندەها شتی وا ڕوویداوە ئەگەر بڵێیت هۆکاری هەیە منیش دڵێم هۆکار لەدەستایە نەك لەدڵ ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَأَعِدُّوا لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ ﴾ ( الأنفال : ٦٠ ) ، واتـە : ئامادەی بکە هەرچی لەتواناتـدا هەیـە ـ لەهێز و سـەرباز بـۆ جـەنگ ، لەهـەمان کاتـدا دەفەرموێت : ﴿ وَمَا النَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِندِ اللَّهِ ﴾ ( آل عمران : ١٢٦ ) و ( الأنفال : ١٠ ) ، واتە : هیچ سەرکەوتنێك نیە ئیلا مەگـەر لەلایـەن خواوە ، وە پێغەمبـەر ﷺ دەفەرموێت : " لا شفاء إلا شــفاك " ، واتە : هیچ چارەسەرێك نیە چارەسـەری تۆ نـەبێت ... لەبـەر ئەو هۆکار لەدەست دایە و قەناعەتیش لەدڵدایە .**

وسُبحانك اللَّهُم وَبِحمدِكَ

أشهد أن لا إله إلا أنت

أستغفرك و أتوب إليك

**هاوسەر مصطفى ك : پزیشکی ددان ز : سلێمانی**

## حوكمی وێنەگرتن لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا

( بەشی یەكەم )

الحمد لله رب العلمين والصلاة والسلام على رسول الله الأمين وعلى آله وصحبه أجمعين ... أما بعد :

بە پشتیوانی خوای گەورە لەم بابەتەماندا باسی حوكمی وێنەگرتن دەكەین لەئایینی پیرۆزی ئیسلامدا ، وە هەروەها هەرەشە لێكردن و سەختی تۆڵە و سزای خوای گەورە لەسەر وێنەگران دەخەینەرو ، وە گومانیش لەوەدا نیە كە وێنە حەرامە لە ئایینی ئیسلامدا بەڵگەشمان لەسەر حەرامێتیەكەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرە ﷺ عن ابن عباس ( رضي الله عنه ) قال : سمعت رسول الله ﷺ يقول : " كل مصور في النار يجعل له بكل صورة صورها نفسا فيعذبه في جهنم " ( متفق عليه ) ، واتە : هەموو وێنەگرو وێنە كێشێك لە ئاگردایە وە بۆ هەر وێنەیەك كە گرتوویەتی یان كێشاویەتی نەفسێكی بۆ دروست دەكرێت و سزای دەدات لە ئاگردا .

وە هەروەها لە ریوایەتێكی تردا بە مەرفوعی هاتووە دەفەرموێت : " من صور صورة في الدنيا كلف أن ينفخ فيها الروح يوم القيامة وليس بنافخ " ( صحيح الجامع الصغير : ٦٣٧١٩ ) ، واتە هەركەسێك وێنەیەك بگرێت یان بیكێشێت لە دونیادا ئەوا خوای گەورە تەكلیفی لێدەكات لە قیامەتدا كە رۆح بكات بەبەریدا لەگەڵ ئەوەشدا كە ناتوانێت .

تێبینیەك : هەردوو برگەی ( كل ) ، ( من ) دوو برگەی گشتین لە زمانی عەرەبیدا واتە هەموو وێنەیەكی رۆح لەبەر و هەموو وێنە گرێك دەگرێتەوە .

وە هەروەها عن أبي الهياج الأسدي قال : " قال لي علي رضي الله عنه ألا أبعثك على ما بعثني عليه رسول الله ﷺ لا تدعن قبرا مشرفا إلا سويته ولا صورة في بيت إلا طمستها " ( صحيح سنن النسائي : ٢٠٣١ ) ، واتە : أبو الهياج الأسدي دەفەرموێت : پێشەوا علی رضي الله عنه پێی ووتم بتنێرم بۆ كارێك كە پێغەمبەر ﷺ منی پێناردووە پێشتر ، ئەویش ئەوەیە كە هیچ قەبرێكی بەرزكراوەتر نەبینێت لە خۆڵی دەركراوی ناو قەبرەكە ئیلا تەختی بكە ، یان خانووی لەسەر دروستكرابو بیروخێنیت ، وە هیچ وێنەیەك كە رۆح لەبەر بێت ( واتە : گیاندار بێت ئاژەڵ یان مرۆڤ ) ئیلا لەناوی بەریت و نەیهێڵیت و بیفەوتێنیت .

وە هەروەها لە فەرمودەیەكی تردا پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : " لا تدخل الملائكة بيتا فيه كلب ولا صورة " ( صحيح جامع الصغير : ٧٢٦٢ ) ، واتە : مەلائیكەتی رەحمەت ناچنە ماڵێكەوە كە سەگ یان وێنەی تێدا بێت .

وە هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : ( جوبرەئیل سەلامی خوای لێبێت ، هات بۆ لام و پێی ووتم : ( دوێنێ شەو ویستم بێم بۆلات بەڵام ئەوەی رێگربوو لە نەهاتنم ئەوەبوو پەیكەرێك لەسەر دەرگاكەتان بوو لە ماڵیشەوە پەردەكەتان وێنەی پێوەبوو ، لەهەمان كاتدا سەگێكیش لەماڵتاندا هەبوو ، جا فەرمان بكە ئەو پەیكەرە سەرەكەی لێ بكرێتەوە تاوەكو دارێكی لێبێت ، هەروەها ئەو پەردەیەش بكە بە دوو پارچەوە وە بۆ بەرگە پشتی ( بالیف ) بەكاری بهێنە ، پاشان سەگەكەش لەماڵ بكە دەرەوە ( صحيح الترهيب الترغيب : ٣٠٦٠ ) ، وە هەروەها ئەو وێنانەی كە لە ماڵاندا هەڵ ئەواسرێن ئەگەر گیانلەبەربن واتە ( مرۆڤ بێت یان گیان لەبەر ) هەر هەمان حوكمیان هەیە .

جا برا و خوشكی موسڵمانم وێنە رێگەی پێنەدراوە لە ئایینی ئیسلامدا . جگە بۆ زەرورەت نەبێت . واتە حەرامە وە با ئیتر وێنەش نەگرین ، بەڵام تەنها لەچەند حاڵەتێكی زەروری نەبێت كە زانایان رێگەیان پێداوە بەڵام لێرەدا بواری ئەوەمان نیەو بە پشتیوانی خوا لەبەشی دووەمدا باسی دەكەین .

وسبحانك اللهم وبحمدك

أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك وأتوب إليك

**یاسین حاجی طه . ز . سلیمانی . عربی**

## هەڵبژاردنی هاوڕێی خراپ خیانەتە لەگەڵ ماڵەوەتان

ئایا هەڵبژاردنی هاوڕێ ی خراپ فێڵ نیە لەگەڵ ماڵەوە دەیكەی ؟ بێ گومان بەڵێ ماڵەوە تۆ دەنێرن بۆ خوێندن بۆئەوەی فێربی و سەریان بەرزبكەی تۆش دەچی هاوڕێیەكی خراپ هەڵدەبژێری و دەیكەی بەهاوڕێ ی خۆت ، چۆن فێڵ نیە كە تۆ ماڵەوە پێیان راسپاردوی هاوڕێیەتی كەسی باش بكەی كە دەربارەی هاوڕێكەت لێت دەپرسن ، هەقیقەت نادركێنی و لێیان دەشاریتەوە هەر وەك پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی : " المرء على دين خليله فلينظر أحدكم من يُخالِل . واتە : مرۆڤ لە سەر دینی برادەرەكەیەتی جا ئەبێ بزانی كێ دەكەی بەهاوڕێ و برادەری دەكەی .

**نیان فاضل. ز. سلێمانی . ئادابی خانەقین. جوگرافیا**

## قەزاکردنەوەی نوێژ

زانایان لەسەر ئەوە ڕێك کەوتوون کە نوێژ گێرانەوە واجبە لەسەر لەبیرچو ونوستوو ، بەپێی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ کە دەفەرمووێت : " إنّه ليسَ في النّوم تفريطٌ إنّما التّفريطُ في اليقظَة ، فإذا نَسيَ أحَدٌ صَلاةً أو نامَ عَنها فليُصلّها إذا ذَكَرَها " ( حديث صحيح ) ، واتە : بەراستی کەمتەرخەمی لەنوستندا نیە ، بەڵکو کەمتەرخەمی لە بەئاگابووندایە ، جا ئەگەر کەسێك لەبیری چوو نوێژەکەی بکات با ئەو کاتەی بیری کەوتەوە بیکات .

بەڵام کەسێك بە ئەنقەست نوێژەکەی نەکات تاکاتی دەچێت بەهیچ شێوەیەك بۆی نیە بیگێڕێتەوە . ئیبنو حەزم دەفەرمووێت : بەڵگەی ڕاستی قسەکەی ئێمە لەسەر نەگێڕانەوەی نوێژی فەوتاو بەقەستی ، فەرموودەی خوای گەورەیە کە دەفەرمووێت : ﴿ فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ الَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ﴾ ( الماعون : ٤ ــ ٥ ) . واتە : سزای توند بۆ ئەو کەسانەی تەمەڵی ئەکەن لەنوێژەکانیاندا .

هەروەها دەفەرمووێت : ﴿ فَخَلَفَ مِن بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا الصَّلَاةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا ﴾ ( مريم : ٥٩ ) . واتە : پاش ئەوانە کەسانێك هاتن نوێژەکانیان فەوتاند و شوێن ئارەزووەکانیان کەوتن ، پاشەڕۆژ ئەوانە توندترین سزا دەدرێن .

جا ئەگەر ئەو کەسەی بەقەستی نوێژەکەی ناکات هەتا ئەچێت بتوانێت کاتێکی تر بیگێڕێتەوە ، نە ( ویل ) ی بو ئەبو وەنە توشی ( غی ) ئەبو لەسەر ئەو فەوتاندنە ، وەك چۆن ئەو کەسانەی دوای ئەخەن وەیل و سزایان بو نیە ، کاتێ بەو نوێژەدا بگەن وبیکەن بە حازری ، چونکە ( ویل ) و ( غی ) هەردووکیان واتا توندترین سزا .

هەروەها لە ئەبو هورەیرەوە ﷺ دەفەرمووێت : پێغەمبەر ﷺ : فەرمووی : (( إن أول ما يحاسب بة العبد يوم القيامة من عملة صلاتة ، فإن صلحت فقد أفلح و أنجح ، وإن فسدت فقد خاب وخسر ، فإن انتص من فرضتة شيء ، قال الرب عز وجل : أنظروا هل لعبدي من تطوع ؟ فيكمل بها ما إنتقص من الفريضة ، ثم يكون سائر عملة على ذلك )) ( صححه الألباني في صحيح الترمذي : ٤١٣ ، وصحيح ابن ماجه : ١٤٢٥ ، ١٤٢٦ ) . واتە : یەکەم شت کە خوای گەورە لە ڕۆژی دوایدا لێ پرسینەوەی بەندەکانی بکات لەکردەوەکانی نوێژە ، ئەگەر بە تەواوی ئەنجامی دابوو ئەوا سەرکەوتوو وسەرفراز دەبێت ، وە ئەگەر بەتەواوی ئەنجامی نەدابوو ئەوا دووڕاو سەرگەردان دەبێت ، وە ئەگەر شتێك لە فەرزەکانی کەم بوو ، خوای پەروەردگار دەفەرمووێت : سەیری بکەن بزانن ئایا بەندەکەم نوێژی سوننەتی هەیە ؟ ئەگەر نوێژی فەرزی کەم بوو ئەوا بە سووننەتەکان فەرزەکانی پێی تەواو بکەن ، پاشان هەموو کردەوەکانی بەم شێوەیە دەبێت .

وە شێخی ئیسلام ئیبنو تەیمیە دەفەرمووێت : کەسێك بە قەستی نوێژەکەی لەکاتی خویدا نەکات دوایی بۆی نیە قەزای بکاتەوە ، وە ئەگەر قەزای کردەوە لێی وەرناگیرێت ، بەڵکو لەسەری پێویستە نوێژی سوننەت زور بکات .

وە ئیبنو حەزم بەتەواوەتی مافی خۆی داوە بەم مەسەلەیە بە باسێکی دوور و درێژ ، باسی لێ ی دەکات : دەفەرمووێت : کەسێك بەقەستی نوێژەکەی نەکات هەتا کاتەکەی بەسەر ئەچێت ، ناتوانێت هەرگیز نوێژەکەی بگێڕێتەوە ، بەڵام با ئەو کەسە کاری خێر و نوێژی سوننەت زۆر بکات ، بۆئەوەی لەڕۆژی دوایی تەرازووی خێرەکانی قورس بکات ، وە با تەوبە بکات و داوای لێخوشبوون لە خوای گەورە بکات .

دیسانەوە نوێژ گێرانەوە دانانی شەرعە کە بۆ کەس دروست نیە جگە لە خوا کە لە ڕێگەی پێغەمبەرەکەیەوە ﷺ پێمان ڕا دەگەیەنێت .

وە بە صەحیحی لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە فەرموویەتی : (( مَن فاتته صلاة العصر فكأنما وتر أهلــه ومالــه )) واتە : هەرکەس نوێژی عەسری چوو وەك ئەوە وایە کە ماڵ وکەس وکاری لە دەست چووبێت .

هەروەها ئیبنو حەزم دەفەرمووێت : لەو کەسانەی کە ئەو ڕەئی یەی ئێمەیان هەیە لەمەدا ئەوانیش : عومەری کوڕی ( خطــاب ) و عبدالله ی کوڕیەتی وسەعدی کوڕی ئەبی وەققاص وسەلمانی فارسی و ئیبنو مەسعود و قاسمی کوڕی محمدی کوڕی ئەبوبەکر و بودەیلی عوقەیلی و محمدی کوڕی سیرین و ( مطرف ) ی کوڕی عبدالله و عومەری کوڕی عبدالعزیز و غەیری ئەوانە .

هەروەها ئیبنو حەزم دەفەرمووێت : بەهیچ شێوەیەك خوای گەورە بڕوبیانوویەکی نەهێشتوتەوە بۆ دوا خستنی نوێژ بۆ ئەو کەسانەی کە داوای نوێژکردنیان لێ ئەکرێت لەکاتی خۆی تەنانەت لەکاتی جەنگ و پێکدادان و ترس و ناخوشی زۆر و سەفەریش ، خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ وَإِذَا كُنتَ فِيهِمْ فَأَقَمْتَ لَهُمُ الصَّلَاةَ فَلْتَقُمْ طَائِفَةٌ مِّنْهُم مَّعَكَ ﴾ ( النساء : ١٠٢ ) ، واتە : کاتێ لەمەیدانی جەنگی نێوان موسلمانان و بێ باوەڕاندا لەگەڵیان بووی وە بەرنوێژیت بو کردن ، با کومەڵێکیان لەگەڵ تودا بە پێوە بوەستن بۆ نوێژ کردن .

وە دەفەرمووێت : ﴿ فَإِنْ خِفْتُمْ فَرِجَالًا أَوْ رُكْبَانًا ﴾ ( البقرة : ٢٣٩ ) . واتە : ئەگەر ترسی دوژمنێکتان هەبوو ئەوە بە پیادەی

یا بەسواری نوێژەکانتان ـ نوێژی ترس ـ بکەن .

خوای گەورە ڕێی نەداوە بەنەخۆشێکی پەك کەوتە نوێژ لەکاتی خوی دوا بخات ، بەلکو فەرمانی پێداوە ئەگەر توانای نەبوو بەڕاوەستانەوە بیکات ، بابەدانیشتنەوە بیکات ، و ئەگەر توانای دانیشتنیشی نەبوو لەسەرلا ، وە تەیەمموم بکات ئەگەر توانای بەکار هێنانی ئاوی نەبوو ، ئیتر کێ ئیجازەی داوە بەو کەسەی کە ڕێی فەوتاندنی نوێژی داوە بە قەستی تاکاتەکەی نامێنێ پاشان فەرمانی پێ کردووە کە نوێژەکەی بکات لە دوای کاتەکەی ، وە پێشی ڕاگەیاندووە کە بەو شێوەیە بڕی ئەکەوێ ، هەر ئاوا بەبێ ئەوەی قورئان یا سوننەتی صەحیح هەبێت ؟

هەروەها لەپاش ووتەیەکی دوور و درێژ دەفەرموێت : ئەگەر نوێژ گێڕانەوە واجب بووایە لەسەر ئەو کەسانەی بەعەمدی نوێژ لەکاتی خۆیدا ناکەن ، خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ لێی بێ دەنگ نە ئەبوون و لە بیریان نەئەچووە و بەقەستی وازیان لە ڕوون کردنەوەی نەئەهێنا بۆمان ، تاوەکو ئێمە ماندوو بکەن ، ﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا ﴾ ( مـريم : ٦٤ ) ، واتە : پەروەردگارت لەبیرچوونەوەی نیە ، وە هەرچی شەریعەتێك قورئان و سوننەت نەیهێنابێت پوچەلە .

**هۆشیار جمیل هەرکی .پ . ت . هەولێر ـ بەشی ڕووپێوی**

## خۆ بەگەورە زانین یەکێك لەتاوانە گەورەکان

پیویستە لە سەر ئیمەی موسڵمان شوکر و ستایشی خوای پەروەردگار بکەین بەرامبەر ئەو هەمو ناز و نیعمەتانەی بەسەرمانی ڕشتوە داوا لە خوای گەورە دەکەین دامەزراو بکات لە سەر ئاینی ئیسلام بۆ زیاتر ناسینی ڕیگای ڕاست و دورمان کاتەوە لەو کارو کردەوانەی کە پێچەوانەی قورئان و سوننەتە ، ئەبێت ئێمەی موسڵمان وریابین بەرامبەر ئەو کردەوانەی کە ڕۆژانە ئەنجامی دەدەین ، دەبێت تەنها بۆ ڕەزامەندی خوای پەروەردگار بێت و شوێنکەوتەی پێغەمبەری نازدار ﷺ بین .

زۆرجار ئیمە توشی تاوان وگوناه دەبین بێئەوەی بزانین بەگەورەی ئەو تاوانە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕاپێچی دۆزەخمان بکات بەڕاستی ئەو تاوانە گەورە خۆبەزل زانین و لوت بەرزیە .

هەروەها خراپترین فیز ئەو فیزەیە کە یەکیك فیز لێبدات بەسەر خەڵکدا بەهۆی زانین و زانیاریەوە خۆی بەگەورە بگرێ . ئەو زانین و زانیاریە هیچ سودی پێناگەیەنێ . هەر کەسێك زانیاری داوا بکات بۆ شانازی و سەرکردایەتی و لەخۆبایی بوون و بە چاوێکی سوك و ناشرین تەماشای ئەو خەڵکە بکات ئەوە لە گەورەترین فیزە وە ئەو کەسانە ناچنە بەهەشتەوە و خوای گەورە بەهەشتی لێیان حەرام کردوە خوای گەورە دەربارەی خۆ بەزلزانەکان لە قورئاندا دەفەرموێت : ﴿ وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحًا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴾ ( لقمـان : ١٨ ) ، واتە : کورم بە فیزەوە ڕووت وەرمەگێڕە لە خەڵکی و ڕوتگرژمەکە بەڵکو هەردەم ڕوخۆشبە بەدەعیە و فیزەوە مەڕۆ ڕێوە لە زەویدا بەڕاستی خوا هیچ دەعیە بازو شانازی کەرێکی بەخۆ خۆشناوێت ؟

لە شوینێکی تردا خوای گەورە دەفەرمویت : ﴿ تِلْكَ الدَّارُ الْآخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِي الْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ﴾ ( القصص : ٨٣ ) ، ئەو خانەیەی تر ﴿ بەهەشت ﴾ دادەنیین بۆ ئەو کەسانەی نایانەوی دەعیە و خراپەکاری بکەن لەزەویدا پاشەڕۆژی چاکیش هەر بۆ پاریزگارانە نەك بۆ لەخۆبایی بوا بەکورسی یان بەسامان و دارایی .

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی خۆ بە زلزانەکان دەفەرموێت : " لا يدخل الجنة أحد في قلبه مثقال حبة خردل من كبر " ( رواه مسلم ) ، واتە : هەرکەسێ بەئەندازەی تۆزقالیك دەعیە و فیز لە ناو دڵیدا بێت ناچیتە بەهەشتەوە .

هەروەها پێغەمبەر ﷺ لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرمویت : " يحشر الجبارون والمتكبرون يوم القيامة أمثال الذر يطـوهم النـاس " ( حسنه الألباني في الأدب المفرد : ٥٥٧ ) ، واتە : ئەو کەسەی خۆی بەگەورە و زل دەزانیت لە پاشەڕۆژدا بە نمونەی میرولە بچوك دەکریتەوە و خەلکی پی دەنین بە سەریدا .

ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەو کەسانەی کە خۆیان بەگەورە و زل دەزانن خوای گەورە لە پاشەڕۆژدا تەماشایان ناکات ، لە بەرئەوەی ئەمە سیفەتێکی نا پەسەند و نارەوایە چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی گوێ نەدەن بە حەقی خەڵکی و تەماشاکردنی موسڵمانان بە چاوێکی بچوك و کەم نرخەوە هەروەها دەبێتە هۆی بێ ڕەحمی دەربارەی حەقی خەڵك وقسور لەگەڵ خێزانا و هەروەها دەبیتە گوێنەدان بەحەقی خودا لە حەدە شەرعیەکاندا .

پوختەی قسە ئەوەیە خۆ بەگەورە زانین یەکێکە لە خوە بەد و خراپەکان ، پەنادەگرین بە خوا بمانپارێزێت لەم تاوانە گەورەیە و لە هەمو تاوانەکانی تر .

**ڕزگار نجم الدین مجید . ك : پ :بەشی جوگرافیا**

## ئامۆژگاری کچانی خوێندنگا

خوشکی ئازیزم بمبوورە کەچەند خولەکێك کاتت دەگرم دەمەوێ بەخوشکی خۆتم بزانی و جوان گوێ بۆ ئەم ئامۆژگارییانەم بگری .

خوشکی شیرینم بۆ ئەوەی خۆت و دەستە خوشکەکانت بگەنە کەناریکی ئارام و هێمن و بەخۆشبەختی بژی ئەوا پێویستە لەسەرمان ئەو کۆسپانە تێپەڕێنین کە بوونەتە ڕێگر هەر لەشەهوەت و تاوان و حەرام و گوفتارە ناشەرعیەکان و ... هتد ، وە دەبێ ئەنجامیان نەدەین ، وە پێویستە لەسەرمان کە گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەری نازدار ﷺ بکەین وە دەبێ بەسەر هەوا و ئارەزوودا زاڵ بین چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت : " حُفَّتِ الْجَنَّةُ بِالْمَكَارِهِ وَحُفَّتِ النَّارُ بِالشَّهَوَاتِ " ( رواه مسلم ) ، واتە : بەهەشت دەورەدراوە بەو شتانەی ناڕەحەتین بۆ نەفس و قورسین لە سەری ، وە جەهەنەمیش پەرژین کراوە بەو شتانەی کەنەفس حەزی لێیەتی و تاوانە .

وە خوشکی بەڕێزم تۆ لەخوێندنگای بۆ خۆت بەشتی بێ سوودەوە خەریك دەکەی وەك خوێندنەوەی گۆڤارە خراپەکان کە کاریگەری زۆری لەسەر دڵ و دەروونی مرۆڤ هەیە ؟

یان خوشکی ئازیزم تۆ کە لە زانکۆی یان لەپەیمانگای بۆ بەگوێ گرتن لەگۆرانی و مۆسیقا کاتی خۆت بەفیڕۆدەدەی یان دانیشتن لەگەڵ کوڕان لەکافتریا وە قسەکردن لەگەڵیان بەناوی ئەوەی کە هاوڕێمە یان وەك برای خۆم سەیری دەکەم !!! خوشکە ئازیزەکەم تۆ وەکو گەوهەرێکی بەنرخ وای وە زۆر لەوە بەنرخ تری بڕۆی لەگەڵ کوڕان قسە بکەی و لەولاشەوە ئەوان بەچاوێکی سوکەوە تەماشات بکەن ، چونکە زۆر لە کوڕان وەك گورگێکی برسی وان .

وە خوشکی نازدارم بگەڕێرەوە بۆ لای خوا با بەسەربەرزی بژی ، بڕوات هەبێ خوشکی ئازیزم ئەو ڕێز و ئەو پایەیە کە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەتۆ دراوە لە هیچ یاسا و بەرنامەیەکی تر بە تۆ نەدراوە ، وانەزانی کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام داوات لێ دەکات خۆت دابپۆشی و جوانی خۆت بۆ خەڵکی بێگانە و گورگە برسیەکان دەرنەخەی ئیتر ئەمە ئازادی زەوت کردن بێت نە وەڵلاهی وانیە بەڵکو ئەوە ڕێزێکی زۆرگەورەیە بۆ تۆ .

هەروەها وریابە خوشکی فێرخوازم هەرگیز نەکەی گاڵتە بەکچانی هاوڕێت بکەی هەرچەندە کەم و کورییان تێدا بێت ، چونکە لەوانەیە ئەوان لەتۆ باشتربن لەلای خوا . وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ : " المسلم أخو المسلم لا يظلمه و لا يحقره ، بحسب أمريء من الشر أن يحقر أخاه المسلم " ( رواه البخاري ومسلم ) ، واتە : موسڵمان برای موسڵمانە نەزوڵم و ستەمی لێ بکات ، وە نەسوکایەتی پێ بکات ، وە بەسە بۆ خراپێتی کەسێك کە سوکایەتی بەبرای موسڵمانی بکات .

**زهراء محمد مجيد . ز . سلێمانی . پ . کەلار . بەشی مێژوو**

## هاندانی گەنجان بۆ هاوسەرگیری

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار دروودو سەلام لەسەر پێغەمبەری نازدار ﷺ . هاوسەرگیری گرێ بەستێکە بەپێی مەرجی خۆی کە ئەویش ڕازی بوونی هەردوو ڕەگەزە . لەگەڵ بوونی دووشایەتی دادپەروەر و سەرپەرشتیاری کچەش ، حوکمەکەیشی ڕێگەپێدراوە هەر وەکو خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَأَنكِحُوا الْأَيَامَىٰ مِنكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ ﴾ ( النور : ٣٢ ) الأيامى : ئەو ئافرەتەیە کە مێردی نەکردووە یان ئەو گەنجەیە کە ژنی نەهێناوە . هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : (( يا معشر الشباب من استطاع منكم الباءة فليتزوج فإنه أغض للبصر وأحصن للفرج ومن لم يستطع فعليه بالصوم فإنه له وجاء )) ( البخاري ومسلم ) واتە : ئەی گرۆی گەنجان هەر کەسێك لەئێوە توانای ( جەستەیی و ماددی ) هەیە با هاوسەرگیری بکات چونکە ئەم جۆرە کارە بۆ پاراستنی چاوە لەتاوان و پەرێزەری داوێنیشە لە کاری خراپ و بەدڕەوشتی ، وەهەر کەس نەیتوانی با ڕۆژوو بگرێت چونکە ڕۆژوو شکێنەری ئارەزووە .

براو خوشکی گەنجم : هاوسەرگیری سوودی دینەکەت و دونیاشتی تێدایە :

١ . پارێزەرە بۆ دینەکت و نەهێشتن و جڵەوگرتنی ئارەزووەکانت .

٢ . هاسەرگیری هۆکارێکە بۆ منداڵ بوون و زۆربوونی ئیمانداران .

٣ . یەکێکە لە خۆشیە تایبەتیەکانی دونیا چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : (( الدنيا متاع وخير متاعها المرأة الصالحة )) ( رواه مسلم ) واتە : دونیا خۆشیە وە لە چاکترین خۆشیەکانی هاوسەرێکی چاکە .

٤ . هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندی نەك هەژاری ... !! هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ إِن يَكُونُوا فُقَرَاءَ يُغْنِهِمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ ﴾ ( النور : ٣٢ ) ، واتە : ئەگەر هەژار بوون خوای گەورە دەوڵەمەندتان دەکات لە فەزڵی خۆی .

٥ . سوننەتێکە لە سوننەتەکانی پێغەمبەران . عليهم السلام . ، وە چاکترین بەندەی خوا لەم ئوممەتە ژنی زۆربووە ، ئەویش پێغەمبەرمانە ﷺ .

**کاروان حمەباقی . ك . پ . کەلار . عربی**

## نوێژی جەنازە

الحمدُ الله رب العالمين ، الصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله و صحبه أجمعين ... أما بعد : نوێژی جەنازە ئەو نوێژەیە کە لەسەر مردوو ئەنجام دەدرێت بە بۆچونی زانایانی ئەهلی سوننە : نوێژی مردوو فەرزە بەڵام فەرزی کیفاییە ، واتا : ئەگەر چەند موسڵمانێك ئەم نوێژە ئەنجام بدەن ئەوا لەسەر موسڵمانانی تر دەکەوێت و پێشی گوناهبار نابن .

وە ئەم نوێژە سوژدە و ركوعی تێدا نییە .

هەروەهاد وعای دەست پێ کردن ( الاستفتاح ) ناوێت بخوێنرێت .

**لێرەدا چۆنێتی ئەنجامدانی و سودەکانی ئەم نوێژە بەدووبەش ئەخەینە ڕوو :**

**یەکەم : چۆنێتی ئەنجامدانی نوێژی جەنازە :**

لەم نوێژەدا پێش دەست پێکردنی پێویستە مردووەکە لە قیبلە و لەپێش پێشنوێژی موسڵمانان دابنرێت ، ئەگەر مردووەکە پیاو بوو پێشنوێژی موسڵمانان لە ئاستی لای سەری دەوەسێت ، بەڵام ئەگەر ئافرەت بوو ئەوا لە ئاستی ناوەڕاستی دەوەستێت ، وە ئەم نوێژە بەگشتی چوار تەکبیری ( الله أكبر ) ی تێدا دەکرێت بەم شێوەیە :

١ . لە پاش ( الله أكــبر ) ی یەکەمدا پێویستە سورەتی ( الفاتحە ) بخوێنرێت ، وە سوننەتە لەگەڵیدا سورەتێکی تر بخوێنرێت ، هەروەها تەنها لە تەکبیرەی یەکەمدا دەستەکان بەرز دەکرێنەوە و لە تەکبیرەکانی تردا بەس ( الله أكبر ) دەوترێ بەبێ دەست بەرزکردنەوە چونکە بیدعەیە .

٢ . لە پاش ( الله أكــبر ) ی دووەمدا سڵاواتیکی ئیبراهیمی لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ ئەدەین وەك ئەو سڵاواتەی کە لە نوێژەکانی تردا ئەخوێنرێت بەم شێوەیە : (( اللهم صل على محمد وعلى آل محمد كما صليت على إبراهيم وعلى آل ابراهيم إنك حميدمجيد ، اللهم بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على إبراهيم وعلى آل إبراهيم إنك حميد مجيد )) .

٣ . لە پاش ( الله أكبر ) ی سێیەمدا سوننتە ئەم دوعایە بۆ مردووەکە بکەین : (( اللهم اغفر له وارحمه وعافه واعف عنه واكـرم نزله ووسع مدخله ، واغسله بالماء والثلج والبرد ونقه من الخطايـا كمـا ينقى الثوب الأبيض من الدنس ، وأبدله دارا خيراً من داره وأهلاً خيراً من أهله ، وزوجاً خيراً من زوجه وأدخله الجنة ، أعزة من عــذاب القــبر و عذاب النار )) ( مسلم : ٢ / ٦٦٣ ) .

٤ . لە پاش ( الله أكبر ) ی چوارەمدا سوننەتە ئەم دوعا بۆ موسڵمانان بەگشتی بکەین : (( اللهم اغفر لحينا وميتنـا وشـاهدنا وغائبنا وصغيرنا وكبيرنا وذكرنا وأنثانا ، اللهم من أحييته منا فاحيية على الإسلام ومن توفيته منا فتوفه على الإيمان ، اللهم لاتحرمنا أجره ولا تضلنا بعده )) ( صحيح ابن ماجه ) .

دوای تەواوبوونی ئەم دوعایە سەلام بەلای ڕاست و چەپدا دەدەینەوە و نوێژەکە کۆتایی پێ دێت .

**دووەم : خێر و سودی ئەم نوێژە بۆ ئەو کەسەی ئەنجامی دەدات یان بۆ مردووەکە :**

**١ ـ خێر و سودی ئەم نوێژە بۆ ئەو کەسەی ئەنجامی دەدات :**

ئەگەر موسڵمانێك بمرێت وهەرکەسێك ئەم نوێژەی لەسەر ئەنجام بدات و شوێنی جەنازەکەی بکەوێت هەتاکو دەنێژرێت ئەوا خێری دوو ( قیراط ) ی دەست دەکەوێت بەڵام ئەگەر بە تەنها نوێژەکە ئەنجام بدات خێری یەك ( قــيراط ) ی دەست دەکەوێت ئەویش لەبەر ئەم فەرموودەی ( أبو هريرة ) ﷺ دەفەرمووێت : (( قال النبي ﷺ : من صلى على جنازة ولم يتبعها فله قيراط فإن تبعها فلـه قيراطان ، قيل وما القيراطان ؟ قال أصغرهما مثـل أحـد )) ( صـحيح البخاري ) ، واتە : هەر کەسێك نوێژی لەسەر جنازەیەك بکات و شوێنی نەکەوێت ئەوا ( قیراط ) یکی دەست دەکەوێت وە ئەگەر شوێنیشی بکەوێت ئەوا دوو ( قــيراط ) ی دەست دەکەوێت ، ووترا : دوو ( قیراط ) چییە ؟ فەرمودەی بچوکترینیان وەك شاخی ئوحد وایە ( واتە : لە گەورەیی پاداشت و قورسی خێرەکەیدا لە تەرازووی چاکەکاندا ) .

٢ . خێر و سودی ئەم نوێژە بۆ مردووەکە : سودی ئەم نوێژە بۆ مردووەکە ئەوەیە تاوەکو ژمارەی نوێژگەران زیاتر بێت بۆ ئەنجامدانی ئەم نوێژە سودی زیاترە بۆ مردووەکە واتا : ئەگەر موسڵمانێکی زیاتر نوێژ بکات ئەوا سودەکەی بۆ مردووەکە زیاترە هەروەها ئەگەر ژمارەی نوێژگەران بگاتە ( ٤٠ ) کەس یان زیاتر بەسێ ڕیز بوەستن بە مەرجێك بە هیچ شێوەیەك شەریك بۆ خوا بڕیار نەدەن ئومێد دەکرێت خوای گەورە ( عز وجل ) مردووەکە ببەخشێت ... ئەویش لەبەر ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە دەفەرموێت : (( ما من رجل مسلم يموت ، فيقوم على جنازته أربعون رجلا ، لا يشركون بالله شيئا إلا شفعهم الله فيه )) ، واتە : هیچ موسڵمانێك نیە بمرێت ، و کۆمەڵێك لە موسڵمانان نوێژی لەسەر بکەن کە ژمارەیان بگاتە ( ٤٠ ) کەس ، و هیچ هاوەڵێك بۆ خوا بڕیارنەدەن ئەوا خوای پەروەردگار شەفاعەتەکەیان قەبوڵ دەکات ، پێیانی دەبەخشێت .

ئەمە بۆ کەسێك ئەگەر موسڵمان بێت بەڵام ئەگەر مردووەکە بێ باوەڕ بێت ئەگەر ( ١٠٠ ) کەسیش لەسەری نوێژ بەکات سودی نییە بۆی .

**سەروان علی حسین.ك . خانەقین.ب.کوردی**

## هیچ پاساوێك نیە بۆ نوێژ نەكردن

هەموو پەرستنێکی موسڵمان کاتێکی دیاری کراوی هەیە ، ساڵی جارێك یان چەن جارێك ئەنجامی ئەدات ، یان ئەتوانیٚ دوای بخات یان هەندێکی پێش بخات یان بەهۆی عوزرێکی شەرعی دەست لە ئەنجامدانی هەڵبگریٚ ، جگە لە نوێژ کردن کە تاکە پەرستنێکە نە ئەتوانی لە کاتی دیاری کراوی دوای بخەی وە نە ئەتوانی پێش کاتی هاتنی ئەنجامی بدەی ، وە ناشتوانی بەبیٚ هیچ هۆیەك دەست لە ئەنجامدانی هەڵبگری ، وە هیچ پاساوێك نیە بۆ نەکردنی یان وازهێنان لە ئەنجامدانی . هەموو پایەکانی ئیسلام تەنها نوێژکردن لەهەمویان جیاوازترە ، نوێژ تاکە پەرستنێکە ڕۆژانە چەند جارێك دوبارە ئەبێتەوە . تەنانەت هەموو کردەوەکان لە کاتی نەبوونی توانای جەستەیی و ئابووری و ئاسایش ، بە شێوەیەك لە شێوەکان لەسەر خاوەنەکەی ئەکەوێت ، جگە لە نوێژ کە هیچ پەرستنێکی تر جێگای پڕناکاتەوە و لەسەر خاوەنەکەی ناکەویٚ .

* شایەتی دان : کەسێك کافریش بێت تەنها بە یەکجار وتنی بە بوونی مەرجەکانی دەبێتە موسڵمان .

هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرموێت : " أمرت أن أقاتل الناس حتى يشهدوا أن لا إله إلا الله وأن محمدا عبده ورسوله ... فإذا فعلوا ذلك حرمت علينا دماؤهم وأموالهم إلا بحقها لهم ما للمسلمين وعليهم ما على المسلمين " ( صحيح سنن أبي داود : ٢٦٤١ ) .

واتە : فەرمانم پێکراوە لەگەڵ خەڵکدا بجەنگم تاوەکو شایەتومان دێنن بە ( لا إله إلا الله محمد رسول الله ) تاکو ئەفەرمویٚ ... ئەگەر کردیان ئەوا خوێن و ماڵیان لە من حەرام دەبیٚ مەگەر بەحەقی شایەتومان نەبێت ، ئەوە موسڵمانە و مافی بە سەرمانەوە هەیە و مافمان بە سەریەوە هەیە .

* ڕۆژوی مانگی ڕەمەزان ، لەکاتی نەخۆشی و ( سوڕی مانگانە و زەیسانی ) و سەفەر لەسەر خاوەنەکانی ئەکەویٚ تا کاتی گەڕانەوە و چاك بونەوە هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرمویٚ : ﴿ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضاً أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ﴾ ( البقرة : ١٨٤ ) واتە : هەریەکێك لە ئێوە نەخۆش بوو یان ڕێبوار و لە سەفەردا بوو ، بۆی ڕەوایە بە ڕۆژوو نەبیت ، بەڵام پاش ئەو نەخۆشی و ڕێبواریە پێویستە بە ژمارەی ئەو ڕۆژانە قەزای ڕۆژووەکەی بکاتەوە . تەنانەت پیر و پەککەوتە و نەخۆشی درێژخایەن و ئافرەتی شیردەر و سك پڕ بە فدیەدان قەرەبوی ڕۆژوو نەگرتنەکەیان ئەکەنەوە هەروەك پەروەردگار ئەفەرمویٚ : ﴿ وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ ﴾ ( البقرة : ١٨٤ ) واتە : ئەو کەسانەی کە توانای دانی فیدیەیان هەیە با فیدیە بدەن واتە : ( ئەوانەی ناتوانن بەئاسانی بەڕۆژوو بن و زۆر بەسەختی بۆیان دەگیریٚ وەك پیر و نەخۆشی سەر جێگە و درێژ خایەن و ئافرەتی شیر دەر و ژنی دووگیان ئەوە پێویستە لەجیاتی هەر ڕۆژەی لە ڕۆژوەکە خواردنی ژەمێك خۆراك بدەنە هەژاریٚ ) .

* حەج کردنی ماڵی خوا لەگەڵ بونی توانای ئابوری و جەستەیی و هێمنی و ئاسایش لەسەر موسڵمانان فەرزە هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرمویٚ : ﴿ وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً ﴾ ( آل عمران : ٩٧ ) ، واتە : خوا حەجی کەعبەی بڕیار داوە لەسەر ئەوانەی لە توانایاندایە .

تەنانەت خوای پەروەردگار بە سۆز و میهرەبانی خۆی (عەمرە)ی ڕەمەزانی بۆ بەندەکانی وەك حەجێك داناوە موسڵمان لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجامی دابێت ، تەنانەت بۆ ئەوانەی هەر لە توانایان نیە تەنها نیەتی دڵ و حەز کردنی لە حەج و لەبەر هۆیەکی شەرعی نەتوانیٚ ئەنجامی بدات ، ئەوا خوا پاداشتی حەجێکی بۆ ئەنوسیٚ .

* زەکات دان تەنها لەسەر ئەو کەسانەیە کە پارەی ( ٢٠ ) مسقاڵ ئاڵتونی عەیار ( ٢٤ ) یان هەبیٚ وساڵێکی بەسەر تێپەڕبیٚ .

جگە لە نوێژ کە لاو و پیر و ساغ و نەخۆش هەژار و دەوڵەمەند وەك یەك دەبیٚ ئەنجامی بدەن ، لە شەڕ و ئاشتی و ئاسایش ، لە سەفەر و نەخۆشی هەر فەرزە و لەسەر خاوەنەکەی ناکەویٚ و بەهیچ کردەوەیەکی تر قەرەبوو ناکرێتەوە و لەکاتی خۆی دوا ناخرێت .

تەنها ئافرەتیٚ دوچاری زەیسانی و سوڕی مانگانە بوبێت نوێژی لەسەر نیە تا پاك ئەبێتەوە .

ئێستا زانیت نوێژ پەرستنێکی زۆر جیاوازە لە پەرستنەکانی تر ، دەسا بە خۆتا بچۆرەوە ئەگەر نوێژ ناکەی ئەوا تەوبە بکە و دەست بکە بە نوێژکردن وە ئەگەر نوێژ ئەکەیت هەوڵ بدە نوێژەکانت بە ڕێك و پێکی و لەکاتی خۆی ئەنجام بدەی . چونکە مردن لە پڕێکا دیٚ و هەواڵی هاتنی نازانی تا ئەو کاتەی یەخەت دەگریٚ ، ئەو کاتەش تەوبە و گەڕانەوە دادت نادات هەروەك خوای پەروەردگار ئەفەرمویٚ : ﴿ حَتَّى إِذَا جَاءَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ارْجِعُونِ * لَعَلِّي أَعْمَلُ صَالِحاً فِيمَا تَرَكْتُ كَلَّا إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا وَمِن وَرَائِهِم بَرْزَخٌ إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ ﴾ ( المؤمنون : ٩٩ ــ ١٠٠ ) ، واتە : خوا نەناسان هەر درێژە بەکاری خراپە و بیٚ بڕوایی خۆیان ئەدەن تا کاتیٚ مردن یەخەی یەکە بە یەکەیان دەگریٚ و ئەحواڵی ئاخیرەتی بۆ ئاشکرا ئەبیٚ ئەو کاتە ئەڵیٚ پەروەردگارم بمگێرەوە بۆ دونیا بەڵکو ئەو کارە چاکەی کاتی خۆی لەدەستم چوو ئێستە بیکەم ، نەخێر هەرگیز ئەو داخوازیە جێبەجیٚ نابێت ئەویش هەر ئەو قسەیەیەو ئەو بەناچاری دەیکات وەتا ڕۆژیٚ زیندو دەکرێنەوە بەربەستێکی زۆر گەورەیان لەپێشدایە و ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ دونیا ، واتە:هەرگیز ناگەڕێنەوە وهەر لەسزایشدا ئەبن .

تەنانەت لە پاش مردنت کەس و کار و نزیکەکانت ئەتوانن لەجیاتی تۆ زەکاتی ماڵەکەت دەربکەن ئەتوانن لەجیاتی تۆ ڕۆژووی نەزرت بۆ بگرن ، ئەتوانن حەجت بۆ بکەن ، جگە لە نوێژ کە لەپاش

مردنت کەس ناتوانێ بۆتی ئەنجام بدا و بە هیچ شێوەیەکیش کەس ناتوانێ بۆتی قەرەبوو بکاتەوە . دەسا تێفکرە و بەخۆتا بچۆرەوە .

دەزانی ئەگەر مەجالی تیابوایە بۆ ماوەیەك نوێژ هەڵ بگیرێ ئەوا لەپێش تۆ ڕوخستی پیرو پەککەوتەکان ئەدرا نوێژ نەکەن ، ڕوخسەتی نەخۆش و هەژارەکان ئەدرا ، ئەوانەی لە پێناو خوا ئەجەنگان لە پێش تر بوون نوێژ نەکەن چونکە لە ترسا ئەژیان ، کەچی لەو ساتە وەختی ترس و شەڕە کە دوژمن چاوەڕوانی دەرفەتێکە هێرش بکاتە سەریان خوای گەورە پێیانی فەرموو : ﴿ وَإِذَا كُنتَ فِيهِمْ فَأَقَمْتَ لَهُمُ الصَّلَاةَ فَلْتَقُمْ طَائِفَةٌ مِّنْهُم مَّعَكَ ﴾ ( سورة النساء : ١٠٢ ) ، واتە : ئەگەر لەگەڵیان بوویت لەکاتی ترس دا ئەوا نوێژەکەتان بەجەماعەت بکەن .

خوای گەورە فەرمانی بەو موسڵمانانە کرد کە لەگەڵ پێغەمبەرن ﷺ لە کاتی ترس دا و لە جەنگدا بەجەماعەت نوێژی لەگەڵ بکەن ، کەچی زۆرێکمان ئامادە نیە لە هێمنی و ئاسایش تەنانەت بە تەنهایش بیکات نەك بە جەماعەت . جا ئەگەر نوێژ واجب نەبوایە لەسەریان ئەوا چاوپۆشی لە هاوەڵان دەکرا لەکاتی جەنگ و ترس نوێژ نەکەن . جگە لەوانیش پێغەمبەران لەپێش تربوون نوێژ نەکەن چونکە دڵ و دەرونیان پاك بوو ، لە لایەن خوای پەروەردگارەوە پاك کراوبونەوە لە تاوان ، خوای پەروەردگار لە تاوانی پێش و پاشیان خۆش بوبو ، وە مژدەی بەهەشتی پێیان دابو ، لەگەڵ ئەوەشدا لەترسا بەردەوام نوێژیان ئەکرد و لە ئاشتی و ئاسایشدا زیاتر ، ئایە ژیانی پێغەمبەران بەس نیە بۆ ئەوەی هەموومان نوێژ بکەین ، دوای ئەم هەموو بەڵگەیە هەر ئەتەوێ بۆ نوێژ نەکردن بەدوای پاساو بگەڕێیت ؟ ئەگەر وای ئەوا کوردەواری وتەنی : ونت کردوە و بەدوایدا دەگەڕێیت . بەڵام کێشەکە لەوەدایە هەرگیز نایدۆزیتەوە . لە قیامەتیش لەسەر نوێژ نەکردن چیت بەسەر هات ئۆباڵت بەئەستۆی خۆت .

**م . هاوار عبدالله . دەرچوی کۆمەڵایەتی**

## تەنها چاکەیەك

الحمد لله رب العالمين ، الصلاة والسلامُ على سيد المُرسَلين ، وَعَلى آلهِ وصَحبهِ ومَنْ تَبعَهُم بإحسان إلى يَومِ الدين .

وا دابنێ ئێستا تۆ لە مەیدانی مەحشەردای لەگەڵ دروستکراوەکانی خوای گەورە ڕاوەستاویت بۆ لێپرسینەوە !

ئێستا کاتی جیاکردنەوەی ئەهلی بەهەشت و ئەهلی دۆزەخە ! لەوێدا ئەهلی بەهەشت بەخۆشییەوە دەنێردرێن بۆ بەهەشت ، وە دۆزەخییەکانیش بە سزاو تووڕەییەوە بۆ دۆزەخ !

تۆ خۆت لەشوێنێك دەبینییەوە کە لە دونیادا بیرت لێ نەکردۆتەوە یان حەزیشت نەکردووە بیزانی !

ئایا دەزانی ئێستا تۆ لەکوێی ؟؟ تۆ لەسەر ( الأعـراف ) یت ، بەڵێ برا بەڕێزەکەم خوشکە بەشەرمەکەم ، تۆ ئێستا چاکە و خراپەت بەرامبەرە تۆ لەو شوێنەدا دەمێنیتەوە تا خوای میهرەبان و بەبەزەیی یەکلاییت دەکاتەوە ، خوای گەورە لەژێر سێبەری عەرشی خۆی بمانحەسێنێتەوە ( آمين ) .

جا خۆت بێنە بەرچاو " کاتێك ڕاوەستاویت و ئەهلی بەهەشت دەبینیت لە خۆشی دان تۆش هیوا دەخوازیت کە لەگەڵ ئەواندا بیت ، وە دۆزەخییەکانیش دەبینیت لە ئازار و ناڕەحەتیدان ! تۆش داوا لەخوا دەکەیت کە چارەنووست لەگەڵ ئەواندا نەبێت ، خودا پەنامان بدا " .

براکەم ..... خوشکەم ..... چ شتێکت کەمە تا تۆ بخەنە بەهەشتەوە ؟؟ ئایا ئەزانی چیت کەمە ؟! شتێکی زۆر ئاسانە ئەویش ( تەنها چاکەیەکە و بەس ) !!! چی ؟ بەڵێ : وەڵڵاهی تەنها یەك چاکەیە ! لەبیرتە ( ڕۆژێك بەلای دراوسێیەکتدا تێپەڕیت و سڵاوت لێ نەکرد ؟! هاوار بۆ تۆ خۆزگە سڵاوت بکردایە ) .

لەبیرتە ( ڕۆژێك بەلای هاوڕێیەکتدا تێپەڕیت و ڕووت گرژ کردبوو بەرامبەری ؟! هاوار بۆ تۆ ئەی نەتدەزانی ئەگەر بەڕوویەکی گەشەوە پێشوازیت لە موسلمانان بکردایە چاکەت بۆ دەنووسرا ) .

لەبیرتە ( ڕۆژێك دانیشتبوویت بێ سوود کاتت بەفیڕۆ دەدا ؟ لەچیدا بەفیڕۆتدا ؟ هاوار بۆ تۆ خۆزگە لەو دانیشتنەتدا یادی خوات بکردایە ) .

لەبیرتە ( ڕۆژێك ناخۆشییەك لەسەر ڕێگای موسڵمانان هەبوو لات نەبرد ؟ ئەی نەتدەزانی لابردنی ئازار لە ڕێی موسڵمانان بەشێکە لەئیمان ) .

لەبیرتە ( برا بەڕێزەکەم بێ فرمانی خوات دەکرد و لەڕێگای مۆبایلەوە لەگەڵ ئافرەتاندا گفتوگۆت دەکرد کە بەهیچ جۆرێك حەلاڵی تۆ نەبوون ، کەچی خوای گەورە ڕۆژی پێنج جار بانگی دەکردی کە گفتوگۆی لەگەڵ بکەی ئامادە نەبووی بچیت ) .

لەبیرتە ( خوشکە بەڕێزەکەم بێ فرمانی خوات دەکرد و جوانی خۆت بۆ کەسانی نامەحرەم نمایش دەکرد و جل و بەرگی نەشیاوت دەپۆشی ! کە لەیادت چووبوو کە خوای گەورە فرمانی پێت کردووە کە حیجاب بپۆشی ) .

لەبیرتە ( ؟؟؟؟؟ ) . لەبیرتە ( ؟؟؟؟؟ ) . لەبیرتە ( ؟؟؟؟؟ ) . لەبیرتە ( ؟؟؟؟؟ ) ، وە هەروەها ؟؟؟؟ ... هتد .

بەم شێوەیە نەك تەنها یەك چاکە بەڵکو هەزاران چاکە و پاداشتن لەدەست خۆت دا ! ئەو چاکانەی کە دەبێتە هاوەڵێك کە ناهێڵێت لە ساتێکی ئاوا و لەڕۆژێکی ترسناکی لەو جۆرەدا ڕاوەستیت .

جا ئازیزەکانم تا لەدونیای هەوڵ بدە هیچ چاکەیەکت لەدەست نەچێت ، بەر لەوەی بگەیت بەو شوێنەی کە تێیدا ئاخ بۆ گەڕانەوە

بۆ دونیا دەخوازیت و پێویستیت بە تەنها یەك چاكە هەیە كە پێی بخرێیتە بەهەشتەوە و تای تەرازووت بەلای چاكەدا قورس بكەیت .

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

**ڕێكەوت ئیبراهیم . ز. صەلاحەددین ، ك . پ ، كۆمپیوتەر**

## دوو وەسیلەی شەرعی بۆ بەختەوەر بوون بەشەفاعەت

ئـازیزانم چـەندها ڕێگـە هـەن بـۆ بەختـەوەر بـون و بەدەسـتهێنانی شـەفاعەتی پێغەمبـەری نـازدار ﷺ لـەڕۆژی قیامەتـدا ، لـەو ڕۆژەی كـە هـەر كەسـەو تـەنها و تـەنها ئاگـای لەخۆیـەتی و هـەموو هـەوڵێكی بۆ ئەوەیـە كـە خۆی لـە جەهەنـەم بپارێزێ و بەهەشتی بەرین بەدەستبهێنێ ، دایك وباوك بێ ئاگان لە ڕۆڵە و جگەرگۆشەكانیان ، وە ڕۆڵەش بێ ئاگایە لەو دایك و بابەی چەندین ساڵ بەخێویان كردوو خۆیان برسی كرد لەپێناو تێركردنی ئەمدا بەڵام پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ هەر لەهەوڵی ئومەتەكەیـەتی ، جـا لـەو سـاتەدا خـوای گـەورە ڕێگـە بـەم خۆشەویستە دەدات شەفاعەت بكات بۆ هەندێك لە ئومەتەكەی ، پێغەمبەری نازداریش ﷺ بەخەڵكی ڕاگەیاندوە چەند ڕێگەیەك هەیـە هەركـەس دەیـەوێ شـەفاعەت بیگرێتـەوە بابیگرێتـە بـەر ، لەوانە :

١ . پێغەمبـەر ﷺ فەرمویەتی :" من قال حين يسمع النـداء : اللهم رب هذه الدعوة التامة والصلاة القائمة آت محمد الوسيلة والفضيلة ، وابعثه مقاما محمدا الذي وعدته حلت له شفاعتي يوم القيامـة " ( رواه البخاري ) . واتە : هەر كەسێك دوای بانگ بیستن بڵێ ( اللهم رب ... هەتا ... الذي وعدته ) ئەوە بەر شەفاعەتی من دەكەوێت و خوا دەمكاتە شەفاعەتكاری .

خۆشەویستانم لـەم حەدیسـەدا سـێ بڕگـە زیـاد كـراوە كـە بەڕاسـتی لەحەدیسـەكەدا نـەهاتوە ، شـتی زیـادەش لەدینـدا گومڕابونە بۆیە ئاگاتان لێی بێت كە ئەمانەن : بڕگەی ( والدرجـة الرفيعة العالية ) لـە دوای ( الوسيلة والفـضيلة ) . هـەروەها بڕگـەی ( وارزقنا شفاعته وزيارته ) لـەدوای ( وعدته ) هـەروەها بڕگـەی ( إنك لا تخلف الميعاد ) ئەمانە زیادەن دەبێ خۆمانی لێ بپارێزین .

٢ . پێغەمبـەر ﷺ فەرموویەتی : " مَن صَلى عَلَيَ حِينَ يُـصبِحُ عَشرا ، وَحِينَ يُمسى عَشرا ، أَدرَكَتهُ شَفاعَتِي يَوم القيامـة " ( صـحيح الجامع الصغير و زيادتـه ) . واتـە : هـەر كەسێك كەبەیانی كردەوە (١٠) جار سەڵاوات بدات لەسەر من ، وە كە ئێوارەیشی كردەوە (١٠) جار ، ئەوە شەفاعەتی منی گەیشتۆتێ ڕۆژی قیامەت .

ئەی شوێنكەوتوانی پێغەمبەری نازدار ﷺ ئەم دوو ڕێگایە زۆر ئاسانە و دەتوانی شەفاعەتی ئەو نازدارە بەدەست بهێنی ، بەڕاستی حەیفە لەدەستمان بچێ چونكە پاداشتەكەی زۆر گەورە و دڵخۆشكەرە ، خۆشەویستمان لەحەدیسێكی تردا دەفەرموێت :

" لكل نبي دعوة مستجابة فتعجل كل نبي دعوته ، وأني اختبأت دعـوتي شفاعة لأمتي فهي نائلة ــ إن شاء الله ــ من مات لا يشرك بالله شيئا " ( رواه مسلم ) .

واتە : بۆ هەموو پێغەمبەرێك دوعایەكی گیرا ( وەڵام دراوە ) هەبووە . وە هەموو پێغەمبـەرانیش ( علـيهم الـصلاة والـسلام ) دوعـای خۆیـان كـردو وەڵامیـان وەرگرتـەوە . بـەڵام مـن دوعـا گیرابووەكـەی خـۆم هـەڵگرتووە ( شـاردومەتەوە ) بـۆ تكـاكردنی ڕۆژی قیامەت بۆ گەلەكەم وەتكاكەم دەگات . إن شاء الله . بەهـەموو یەكێك كەمردبێت و هیچ شەریكی بۆ خوا پەیدا نەكردبێت واتە بەشیركەوە نەمردبێت .

كەواتە لەم حەدیسەوە بۆمان دەردەكەوێت ئەوەی بەشەریك دانانەوە بۆخوا بمرێت ئەوە بێبەش دەبێت لەشەفاعەت ، كەچی كۆمـەڵێك كەسـی كاڵفام و تێنەگەیشتو و ساویلكە هاواردەكەنـە قـەبر و مـردوو و گـۆڕی پێغەمبـەران و پـەڕۆی سـەر شەخصەكان دەبەستنە گیانیانەوە و ئیعتیقادیان وایە كە قـەبری فڵانـە كـەس بەرەكەتدارە لـەكاتی ئیمتیحان بڕۆ داوای لێبكە بـۆ ئـەوەی وا لـە ماموستاكەت دەكـات ناجحت بكـات یـان سـەردانی قـەبری فـڵان پیاوچاك بكە شفای نەخۆشیەكەتە یان دەبێتە هـۆی منداڵ بونت ، خـەڵكانێك وا سـەریان لێ شـێواوە دەڵـێن : ( یـا ڕەسـوڵ الله ﷺ شەفاعەتم بۆ بكە ، یان یا شێخ عبدالقادری گەیلانی . بە ڕەحمەت بێـت ــ هـاوارە ) . وا دەزانـێ كـەوای وت ئـیتر رسـول الله ﷺ شەفاعەتی بـۆ دەكـات كەچی نازانێ رسول الله ﷺ بەرییە لـەم كارە .

بەڕاستی خۆشەویستانم ئەمانە هەمووی شیركە و لەخوامان دوردەكەنەوە و بێ بەشمان دەكەن لەشەفاعەتی پێغەمبەر ﷺ تۆ بڵێی ئێمە لە پێشەوا عومەر زیاتر پێغەمبەرمان ﷺ خۆش بوێ ؟ بێگومـان نـەخێر ، ئیمـامی بوخـاری ئـەم بەسـەرهاتەمان لـە صـەحیحەكەیدا بـۆ دەگێڕێتـەوە و دەفـەرموێ : پێشەوا عومـەر ( ڕەزای خوای لێبێت ) . موسڵمانانی كۆكردەوە لـە ( مـصلى ) ( گۆڕەپانی شـوێن نوێـژ ) بۆ نوێژە بارانە و داوای باران بارینیان كرد و عمر ( ڕەزای خوای لێبێت ) وتی : ( اللهم إنا كنـا نتوسـل إليك بنبينا فتسقينا ، و إنا نتوسل إليك بعم نبينا فاسقنا ، قم يا عباس فادع لنا " ئەی پەروەردگار ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ ئەگەر باران نەبارییایە داوامان لێ دەكردیت بە پێغەمبەرەكەمان ، واتە داوامان لەو دەكرد لێت بپاڕێتەوە و داوای باران بارینت لێ بكات ، تۆش بارانت بـۆ دەباراندین ، بـەڵام ئـەمڕۆ كە پێغەمبـەر ﷺ نـەماوە ، داوات لێ دەكـەین بـەهۆی دوعـای مـامی پێغەمبـەر ﷺ ، دە ئـەی پەروەردگارمان دوعـای ( عباس ) قبوڵ بكەو بارانمان بۆ ببارێنە

ئەمجار عمر فەرمانی کرد بەعباس دوعایان بۆ بکات فەرموی : قم یا عباس فادع لنا ... واتە : ئەی عباس هەستە دوعامان بۆ بکە .

خۆ گۆڕەکەی پێغەمبەر ﷺ لەناویاندا بوو بەڵام نەچونە سەر گۆڕەکەی و داوای دوعای لێ بکەن . بەڵام ئێمە خوای گەورەمان لەبیر چۆتەوە کەهەموو کار و کردەوەکان بێ ویستی ئەو ناکرێت ؟ دڵنیا بن کە بەبێ فەرمانی خوای گەورە پێغەمبەریش ﷺ ناتوانێ شەفاعەت بکات لەڕۆژی قیامەتدا ، دەی کەواتە ئەگەر هاوارمان کردە غەیری خوا ئیتر چۆن خوای گەرورە ڕازی دەبێ پێغەمبەر ﷺ شەفاعەتمان بۆ بکات ؟ کەواتە با باش ئاگاداری خۆمان بین بەهەموو شێوەیەك خۆمان لەشیرك دورکەینەوە چونکە کردەوەکانمان دەسوتێنێ خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ ﴾ ( الزمر : ٦٥ ) ، واتە ئەگەر هاوبەشت بۆ خوا دانا کردەوەکانت دەسوتێت و پوچ دەبێتەوە جا توخوا بۆچی ئەو نوێژ و خوا پەرستیەی خۆمان بسوتێنین بە هاوارکردنە گۆڕێك ؟ پەروەردگار هەمووان بپارێزێ .

**صەلاح علی قادر . ك.پ.کەلار .جوگرافیا**

## خوشکەکەم : دونیا چەند ساتێکی کەمە و ئەڕوات !!

### بۆیە وریابە ژیانی هەتا هەتایی و نەبڕاوە لە دەستی خۆت نەدەی !!

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على من لا نبي بعده ... وبعد :

ئەی ئەو کەسەی پەروەردگارت ڕێزی لێ گرتووی و لە سەر حەوت چینی ئاسمانەوە ئامۆژگاری بۆ تۆ ناردووە ، نامەی تایبەتی بۆ ناردووی ، ئایا جێ بەجێت کردوە یان هەوڵی جێ بەجێ کردنیت داوە ؟

خوشکەکەم : دونیا چەند ساڵێکی تەمەنەو ئەڕوات بۆیە وریابە ژیانی هەتا هەتایی و نەبڕاوە لە دەستی خۆت مەدە کە تەمەن وساڵی تێدا نە ژمێردراوە ، سەرکەش مەبە بەوەی بیانو بۆ خۆت بهینیتەوە وبڵێی جاری گەنجم یان خوێندنم تەواو نەکردووە ، ئایا ( ملك الموت ) چاوەڕوانی گەنجێتی تۆ و تەواوکردنی خوێندنت ئەکات ؟؟؟

ئەوەت لە یاد نەچێت هەر کات تۆ داوای شتێك لە خودا بکەیت هەموو جار وەڵامی داویتەوە ئەی نابێ تۆش وەڵامی داواکاری خوای گەورە بدەیتەوە ؟ لە کاتێکدا خوای گەورە هیچ پێویستی بە من و تۆ و هیچ کەسی تر نیە ، وە بە پێچەوانەوە ئێمە زۆر زۆر پێویستمان بە خودای گەورەیە .

نابێت سفڵە دەرچیت بەرامبەر خوای گەورە چونکە بزانە پێش ئەوەی تۆ داوای لێ بکەی خوای گەورە زۆر شتی پێت بەخشیوە ، ئایا پێش ئەوەی لە دایك بیت داوای چاو و دەم ولوت و دەست وقاچ و جەستە و تەنانەت بچوکترین شتیش بێت لە لەشدا داوات کردوە ؟ دڵنیام دەڵێی نەخێر داوام نەکردوە ، کە واتە نابێ لە ئەمرو داواکاری ئەو زاتە دەربچی کە دروستی کردووی ، خوای گەورە خۆی دروستی کردوین ئەزانێ چۆنین بۆیە پێمان ئەفەرموێت : ﴿ يَا أَيُّهَا الْإِنسَانُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ الْكَرِيمِ الَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّاكَ فَعَدَلَكَ فِي أَيِّ صُورَةٍ مَّا شَاءَ رَكَّبَكَ ﴾ ( الإنفطار : ٦ – ٨ ) .

کەواتە خوشکەکەم خۆ بە زل زان مەبە لە ئاستی داواکارییەکانی خوادا ، جا ناوی خوای لێ بێنە و خۆت باڵا پۆش بکە . خوشکە کەم من لێت ئەپرسم : تخوا دونیا ئەوەندە ئەهێنێ ئەمری خودای تێدا جێبە جێ نەکەین ؟ بۆ ڕۆژێك هەر دادێت کە بگەڕێینەوە بۆ لای خودای گەورە چی وەڵامێکی ئەدەیتەوە ؟ وەرە بتوانە ڕێگر بە لە مردنی خۆت !!؟ بە دڵنیاییەوە هیچ کەسمان ناتوانین ڕێگر بین ، دەسا خوشکم هەموو ئەو ڕێگریانەی کە لەبەردەم خۆتدا کردووتە بە ڕێگر و کۆسب بۆ جێ بەجێ نەکردنی باڵاپۆشیت هەر چیەك هەیە لەوانە ( نەفس ، شەیتان ، قەناعەت ، جاریێ خوا هیدایەتی نەداوم ، یان ئەترسم بەردەوام نەبم یان ... یان ... هتد ) . هەموو ئەمانە و زۆر شتی تریش کە ئەمەش هەمووی شەیتانی دورخراو لە ڕەحمەتی خودا بۆی ڕازاندویتەوە وەکو ڕێگرێك لە بەردەم جێ بەجێ نەکردنی ئەمری خودا . هەر ئێستا بڕیار بدە و واز لەوانە بهێنە و نەفرەت بکە لە شەیتان ، شەیتانێك کە دوژمنی مرۆڤە و ئەیەوێ هەموو مرۆڤەکان وەکو خۆی لێ بکات شەیتان دوژمنی کۆن و سەرسەختی مرۆڤایەتیە هەر لە سەرەتای دروست بونتەوە ، هەر لەو کاتەوە کە باوکە آدم دروست بوو ، وە هەوڵی ڕوت کردنەوەی مرۆڤی داوە وەکو خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ يَا بَنِي آدَمَ لَا يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ الْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْآتِهِمَا ﴾ ( الأعراف : ٢٧ ) .

وە هەروەها بەوەشەوە ناوەستێت خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ ثُمَّ لَآتِيَنَّهُم مِّن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ وَمِنْ خَلْفِهِمْ وَعَنْ أَيْمَانِهِمْ وَعَن شَمَائِلِهِمْ وَلَا تَجِدُ أَكْثَرَهُمْ شَاكِرِينَ ﴾ ( الأعراف : ١٧ ) .

خوشکی خۆم خۆت یەکلا بکەرەوە بۆ خوای گەورە ، وە داواکارم لە خوای گەورە هیدایەتی من وتۆش بدات بۆ سەر ڕێگا ڕاستەکەی هەتا ئەمانگەیەنێتە بەهەشتە پڕ ناز و نیعمەتەکەی ئامین .... والحمد لله رب العالمين .

**هەوار عادل . ك.پ.کەلار فیزیا**

## نەفس و خۆ ماندووکردن لە پێناو پەروەردەکرنیدا

لەڕاستیدا بابەتەکەی ئێمە ئاراستەی خەڵکی بەگشتیو گەنجانە بەتایبەتی ، چونکە زۆرێك لە گەنجان بەدەست کێشەیەکەوە دەناڵێنن کە ئەویش لاوازی نەفسە بەرامبەر ئارەزووەکانیان ، هەر کە نەفسیان داوای شتێکیان لێ دەکات ، یەکسەر دەیدەنێ بێ ئەوەی هیچ بەرگرییەکیان هەبێ بەرامبەری ، نەفس داوای مادەی هۆشبەر یان سەرپێچیو تاوان لە فەرمانی خودا یان چەند شتێك کە ناتوانن بەرگری لێ بکەن چونکە هیچ ڕێگاچارە و بەرچاوڕوونییان نیە بۆ زاڵبوون بەسەر ئارەزووەکانیاندا دەکرێت بڵێین مەرج نیە هەموو کات ئەو شتەی دڵ داوای دەکات ڕاست بێ ، ( خودای گەورە فریشتەکانی دروستکردووە ئەقڵی داوەتێ ، ئاژەڵی دروستکردووە نەفسی داوەتێ ، وە مرۆڤی دروستکردووە ئەقڵ و نەفسی داوەتێ ) جا ئەگەر مرۆڤ ئەقڵی زاڵبوو بەسەر نەفسی ئەوە لەڕیزی فریشتەکانە ، ئەو مرۆڤەی نەفسی زاڵبێ بەسەر ئەقڵی ئەوا لە ڕیزی ( ئاژەڵەکانە ) خودای گەورە پەنامان بدات ... ئایا دەزانی کۆرپە چۆن لە شیر دەبڕێتەوە ؟ دەبێت بگری لەبەرئەوەی بیەوێ شیری دایکی بخوات بۆ کپکردنی حەزەکەی دەبێت ئازار بچێژێ ، بۆ ئەوەی شتێکی تر بەدەستبهێنێ ئەویش فێربوونی خواردنە ، لە ژیانی ئەم سەردەمەش پێویستە نەفس دابڕێ لەهەموو شتێك بکات کە ئەقڵ بەهەڵەی دەزانێ دینەکەت لەسەری حەرام کردووی .

*** جۆرەکانی نەفس :**

ڕەنگە بڵێیت جۆرەکانی نەفس چین ؟ ئایا نەفس هەر یەك نەفس نیە ؟

**جۆری یەکەم : نەفسی فەرماندەر بە خراپە یان نەفسی بەدکار :**

ئەم جۆرە لە نەفس هەمیشە پاڵ بە خاوەنەکەیەوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی هەموو ئەو کارانەی کە دەبنە مایەی تووڕەبوونی خودا . چونکە بەرگری نیە لەبەرامبەری سەرپێچییەکاندا . هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِي إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ ﴾ ( یوسف : ٥٣ ) ، واتە منیش خۆم بەری ناکەم ، چونکە بەڕاستی نەفس ئەگەر بە نووری خواناسی ئاوەدان نەبێ زۆر فەرماندەرە بەهەڵەو تاوان .

**جۆری دووەم : نەفسی لۆمەکار :** کاتێك مرۆڤ گوناهێك دەکات ئەم نەفسە وای لێدەکات کە بیر بکاتەوە چۆن ئەم کارەم کرد ؟ وە بۆچی کردم جارێکی تر ئەو کارە دوبارە ناکەمەوە ، خوای گەورە لە قورئاندا باسی ئەمجۆرە نەفسەمان بۆ دەکات : ﴿ لَا أُقْسِمُ بِيَوْمِ الْقِيَامَةِ وَلَا أُقْسِمُ بِالنَّفْسِ اللَّوَّامَةِ ﴾ ( القیامة : ١ ـــ ٢ ) ، واتە : سوێند بێت بە ڕۆژی قیامەت ، سوێند بێت بە ویژدانی زیندوو ، نەفسی ڕەخنە لەخۆگر کە لۆمەی خۆی دەکات .

**نەفسی ئارام و دڵنیا :** ئەم جۆرەیان ترس و ئومێدی بەخوا هەیە ڕازییە و جێگرە خوای گەورەش بۆیە ناوی ناوەو نەفسی ئارام ، چونکە دەورووبەری پەشۆکاو و سەرگەردانن ، تەنها ئەو ڕازیە ، خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ ارْجِعِي إِلَى رَبِّكِ رَاضِيَةً مَرْضِيَّةً فَادْخُلِي فِي عِبَادِي وَادْخُلِي جَنَّتِي ﴾ ( الفجر : ٢٧ ـــ ٣٠ ) .

واتە : ئەی خاوەن دڵو دەروونی پڕ لە ئارامی ، بگەڕێرەوە بۆ لای پەروەردگارت کە تۆ ڕازیت و ئەویش لە تۆ ڕازییە بچۆرە ڕیزی بەندە چاکە نازدارو بەڕێزەکانمەوە بچۆرە بەهەشتە خۆشە ڕازاوەکەمەوە .

**جۆری چوارەم لە نەفس ، نەفسی بێ ئاگایە :** لە مەترسیدارترین جۆرەکانی نەفسە خاوەنی ئەم جۆرە نەفسە لە ونبوو یاخیو تاوانبار و گوناهکارەکانە کە خاوەنەکەی نە لە نەفسی بەدکارن و نە لەوانەن کە سورن لەسەر گوێڕایەڵی خوای گەورە وە نە لە خاوەنی نەفسی لۆمەکارەکانن ، بێ ئاگایە ، لە دونیادا دێت و دەڕوات هەرچی بیەوێت دەیکات .

شتێکی زۆر سەیرتان پێ بڵێم باوەڕ دەکەن کە گەڕانەوەی ئەم جۆرە نەفسە زۆر گرانترە لە گەڕانەوەی نەفسی بەدکار چونکە ئەوەی گوناهکار و یاخی بەدوای کەمێك دەیەوێت تۆبە بکات چونکە بە درێژایی ئەوە و ئەوە دەکات بۆیە بێزار بووە هیلاك بووە لەو تاوانانە ، چونکە سەرپێچی کردنیش سەرشۆڕی و بێ خەوی و نەگبەتی خۆی هەیە بەڵام بێ ئاگا تەوبە ناکات چونکە بەردەوام شەیتان لە خشتەی دەبات و پێی پێ دەکەنی . ئەم نەفسی بێ ئاگایە لە دژوارترین جۆرەکانی نەفسە ، بەداخەوە نەفسی خەڵکێکی زۆر لەم جۆرەیانە .

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ أَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَٰهَهُ هَوَاهُ أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا ﴾ ( الفرقان : ٤٣ ) .

واتە : ئایە نابێت ئەو کەسەی کە ئارەزووی خۆی کردۆتە خوای خۆی شوێنی نەفسی بەدکرداری کەوتووە ، ئایە تۆ دەتوانی ئەوانە بپارێزی لە لادانو سەرکەشی .

کەسانێکی زۆر هەن دەڵێن ناتوانین کەسێکی دیندار بین چونکە ئەوە پێویستی بەچەند ساڵێکی دوورودرێژ هەیە ، بەڵام دەکرێت نەفس بگۆڕێت ئەم کارە پێویستی بە تێکۆشان و کۆڵنەدانێکی ڕاستگۆیانە هەیە لەگەڵ نیەتێکی پاك کە دەبێت ئەوەی لە ژیانمدا ماوە بۆ خوای گەورە بێ .

**ئەو هۆکارانەی وات لێدەکەن نەفسێکی ئارام و خۆگرەوەت هەبێ :**

١ . داواکردن لە خوای گەورە : بڵێ پەروەردگارا وام لێبکە حەزم لە هەموو ئەو شتانە نەبێت کە تۆ پێی ڕازی نیت . ئەگەر دەتەوێت لە ژیاندا واز لە هەر گوناهێك بهێنی پێویستە پەنا

بەریتە بەر ئەو زاتەی کە دڵتی بەدەستە ، ڕەنگە وەڵامدانەوەکە درێژە بکێشێ ، هەتا خوای گەورە تاقیت بکاتەوە بزانێ چەند ڕاستگۆی لەداواکردنەکەت .

٢ . ئامادەبوون لە وانە ئاینییەکان : بێگومان باوەڕ وەکو پاتری وایە بەردەوام پێویستی بە شەحن کردنەوە هەیە مەرج نیە بەردەوام ئامادەی دەرسێك بیت بەڵام دەکرێ گوێ لە شریتێك بگریت یان قورئان بخوێنێت .

٣ . بەردەوام بیر و هۆشت لای ئەوە بێت کە دەمەوێت خوا ڕازی بکەم هەمیشە بەرەو بەهەشت بم .

٤ . دەبێت واز لە هاوڕێی خراپ بهێنم ئەم هەنگاوە گەورەترین هۆکارە .

٥ . دەبێت متمانەم بەخۆم هەبێت کە واز لە سەرپێچیکردن دەهێنم وە هەرگیز ناگەڕێمەوە سەری .

**ئەوەی دەمانەوێت :**

ئەوەی دەمانەوێت ئەوەیە نەفسمان پەروەردە بکەین و دواڕۆژێك بۆ گەنجەکانمان و کچەکانمان و هاوسەرەکانمان و منداڵەکانمان دیاری بکەین هەرچی نەفسمان داوای دەکات پێی نەدەین و بۆی جێبەجێ نەکەین ... پێویستە بەربەرەکانێی نەفسمان بکەین ، وەها پەروەردەی بکەین کە بتوانین بەختەوەری دنیا و قیامەتیش پێکەوە کۆ بکەینەوە . چونکە نەفس لەدواییدا یان شادومان و بەختەوەرە یان نەفسێکە لە جەهەننەمدایە .

**سروە غەریب . پ.ت.سلێمانی . دەرمانسازی**

## لە دوعا پڕ ماناکانی پێغەمبەر ﷺ

الحمد لله رب العالمين .خلقنا لعبادته ، وأمرنا بتوحيده وطاعته ، وهو غني عنا ونحن المحتاجون له .

**عائیشە فەرموویەتی : پێغەمبەر ﷺ ئەو پاڕانەوەیەی پێ خۆش بووکە پڕ مانا بووایە ، وە وازی لەشێوە پاڕانەوەکانی تر ئەهێنا . وا ئێمەش هەندێ لەو پاڕانەوانە باس ئەکەین کە کەس ناتوانێت لێیان بێ نیاز بێت .**

١ . **لە ئەنەسەوە هاتووە وتویەتی : بەشی زۆری پاڕانەوەکانی پێغەمبەر ﷺ :** " اللَّهُمَّ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ " ( رواه البخاري ) **بووە ، واتە : خوایە ئەی پەروەردگارمان خێر و چاکەی دونیا و دوا ڕۆژمان بدەرێ و لە سزای دۆزەخ بمانپارێزە .**

٢ . أن سعداً ﷺ سمع ابناً له يقول : اللهم إني أسألك الجنة وغرفها وكذا وكذا ، وأعوذ بك من النار وأغلالها وسلاسلها ، فقال سعد ﷺ : لقد سألت الله خيراً كثيراً ، وتعوذت من شر كثير ، وإني سمعت رسول الله ﷺ يقول : " سيكون قوم يعتدون في الدعاء ، وبحسبك أن تقول : اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنَ الْخَيْرِ كُلِّهِ مَا عَلِمْتُ مِنْهُ وَمَا لَمْ أَعْلَمْ ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ الشَّرِّ كُلِّهِ مَا عَلِمْتُ مِنْهُ وَمَا لَمْ أَعْلَمْ " ( صححه الألباني في صحيح سنن أبي داود ).

**واتە : سەعد گوێی لە کوڕێکی خۆی ئەبێت ئەپاڕێتەوە ئەڵێت : خوایە داوات لێ ئەکەم بەهەشتێکم پێ ببەخشیت ژوورەکانی وابێت و وابێت ، وەپەنا ئەگرم بەتۆ لە ئاگر و کۆت و زنجیری ) ، سەعد فەرمووی : داوای خێرێکی زۆرت کرد لەخوا و پەنات پێ گرت لەشەرێکی زۆر ، من خۆم گوێم لەپێغەمبەر ﷺ بووە ئەیفەرموو : کۆمەڵێك دێن زیادە ڕەوی ئەکەن لە پاڕانەوەدا . ئەوەندەت بەس بوو بڵێیت : خوایە داوای هەموو خێرێکت لێ ئەکەم ئەوەی خۆم ئەیزانم و ئەوەی نایزانم ، وە پەنا ئەگرم بەتۆ لە هەموو شەڕێك ئەوەی خۆم ئەیزانم و ئەوەیشی نایزانم .**

٣ ــ عن أبي هريرة ﷺ أن رسول الله ﷺ قال : أَتُحِبُّونَ أَيُّهَا النَّاسُ أَنْ تَجْتَهِدُوا فِي الدُّعَاءِ ؟ " قالوا نَعم يا رسول الله ﷺ ، قال : " قولوا اللَّهمَّ أعنَّا على ذِكْرِكَ وشُكْرِكَ وحُسْنِ عبَادَتِكَ " ( صحيح الجامع : ٨١ ) ، **واتە : لە ئەبو هورەیرەوە ﷺ پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : ئەی خەڵکینە ئایا ئێوە حەز ئەکەن لە دوعا کردندا کۆشش بکەن ؟ وتیان بەڵێ ئەی نێردراوی خوا ، فەرمووی : بڵێن خوایە یارمەتیمان بدە لەسەر یادکردن و سوپاس کردن و بەچاکی پەرستنت .**

٤ ــ عن أنس ﷺ قال : " كان رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يُكثرُ أنْ يقول : يا مقلِّبَ القلوب ثبِّتْ قلبي على دينكَ فقلتُ يا نبيَّ الله آمنَّا بكَ وبما جئتَ به فهلْ تخافُ علينا ؟ قال : نعمْ إنَّ القُلوبَ بينَ أصبُعينِ من أصابعِ الله يُقلِّبها كيفَ شاءَ " ( صحيح العلامة الألباني في مشكاة المصابيح ) ، **لەئەنەسەوە ﷺ دەگێڕێتەوە پێغەمبەر ﷺ زۆرترینی وتەکانی بریتی بوون لە : " ئەی گۆڕەری دڵان دڵم دامەزراو بکە لەسەر دینەکەت ، وتم ئەی پێغەمبەری خوا بڕوامان بەتۆ هەیەو بەوەی کە بۆ تۆ هاتووە ئایا لە ئێمە دەترسیت ؟ فەرمووی : بەڵێ ، دڵ لەنێوان دوو پەنجە لەپەنجەکانی خوای گەورەدایە دەی گۆڕێت ( هەڵیدەگێڕێت ) چۆنی بوێت .**

٥ ــ عَن عَبْد اللَّه عَنِ النَّبيِّ ﷺ أَنَّهُ كَانَ يَقُولُ : " اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْهُدَى وَالتُّقَى وَالْعَفَافَ وَالْغِنَى " ( صحيح مسلم ) ، **واتە : لە عبدالله وە پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو : خوایە من داوای ڕێنمایی و پارێزگاری وداوێن پاکی و دەوڵەمەندیت لێ ئەکەم .**

**ڕۆنیا هاشم صالح . ز . صلاح الدين . ك . پ . کۆمپیوتەر**

## دەرئەنجامی ڕاپرسیتان

**وەڵامی پرسیاری :** ( زانستت پێ چۆنە لە ڕوی بابەتیەوە بە گشتی ؟ ) :

( ٠,٥ ٪ خراپ ، ١١٪ مام ناوەند ، ٤٠ ٪ باش ، ٤٨,٥ ٪ زۆر باش ) بووە .

**وەڵامی پرسیاری :** ( زانست لە ڕوی قەبارە و ژمارەوە چۆنە ؟ ) :

**أ / قەبارە :** ٥٠٪ باشە ، ٤٠٪ زۆر باشە ، ١٠٪ تێبینیم نیە .

**ب / ژمارە :** ٩٠٪ پێیان وایە ژمارەی زیاد بكرێت ، ١٠٪ بەلامەوە گرنگ نیە

**وەڵامی پرسیاری :** ( ئایە بابەتی زانستی بۆ زیاد بكرێت ؟ ) :

( ٨٦٪ پێم باشە ، ١٤٪ پێم باش نیە ) .

**وەڵامی پرسیاری :** ( ئایە زانست كاریگەری لەسەر ڕۆشنبیر كردنی فێرخوازان هەبووە ؟ ) :

( ١,٥ ٪ كاریگەری نیە ، ١٠٪ مام ناوەندە ، ٥٥٪ باشە ، ٣٣,٥ ٪ زۆر باشە ) .

**( لە پێشنیارەكانی دۆستان و خوێنەرانی زانست بە گشتی ئەم خاڵانەی لای خوارەوەمان هەڵێنجاندوە ) :**

١ . پێگەیەكی ئەلیكترۆنی تایبەت بە بڵاوكراوەكە هەبێت .

٢ . ژمارەی بڵاوكراوەكە زیاد بكرێ .

٣ . تایبەت كردنی گۆشەكان .

٤ . زیاد كردنی بابەتی سەرگوزەشتەی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی رضي الله عنهم .

٥ . زیاد كردنی بابەتی پەیوەست بە تەزكیەی نەفس .

٦ . گێڕانەوەی داستانی تۆبەكاران و سەرگوزەشتەی زانایان و قسەی بە پێزیان .

٧ . دوبارە نەكردنەوەی بابەتەكان و توند و تۆڵ كردن و پوخت كردنیان .

٨ . دانانی وێنەی پەیوەست بە بابەتەكانەوە .

٩ . زیادكردنی بابەتە ئیعجازیەكان .

١٠ . زیاتر بدرێت بەو كەسانەی ئیلتیزامیان كەمترە .

١١ . لێكۆڵینەوە لەسەر بابەتەكانی پەیوەست بە زانكۆ و ئەنجامدانی ڕاپرسی لە سەریان .

## Associating Others with Allah (Shirk)

The greatest of all major sins is shirk, and this is

Of to kinds:

One is to make someone equal to Allah or to worship something or someone else, such as a stone, a tree, the sun, the moon, a prophet, a saint, a star, an angel, or anything other. This is (surely) the greatest shirk about which Allah Most High says**: "God does not forgive one's associating (others) with Him; He forgives anyone he wishes to for anything other that that."**[Al-Nisaa. 48]. Allah Most High also said**: "It is a great wrong associating others with Allah."** [Luqman. 13]. **He also said: "Allah will ban the Garden for anyone who associates anything else with God; his lodging will be the Fire."** [Al-Maidah 72].

Such verses are quite in the Qur'an.

Hence, if one ascribes partners to Allah and dies as a polytheist, he will definitely be an inhabitant of the Fire, just as anyone who believes in God and dies as a believer; he will be an inhabitant of the Garden, even though he is punished in the Fire first.

It is reported Bukhari's Tradition that Allah's Messenger (peace and blessings of Allah be upon him) asked his companions: "Shall I not in form you about the three greatest sins?" They said: Yes, Messenger of Allah. Then he said: "Associating others with God and disobedience to parents." He was reclining position, so he sat up and continued: "And deliberate perjury, and giving false evidence." He went on repeating that till we said to ourselves: If only he stopped speaking. (Bukhari and Muslim). He also said: "Avoid the seven noxious things," in which associating others with Allah is included. He also said: "Whoever changes his religion; kill him." (Ahmad and Bukhari).

I will write the second kind of shirk next time.

It was taken in the book of (The Chief Sins).

**داستان صابر . كۆلێژی زمان E . سلێمانی**